https://www.doi.org/10.31918/twejer.2032.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# تورکیا و هەرێمی کوردستان: ئابووری یان ئاسایش، تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەڕێ؟

د. زوبیر ڕەسول ئەحمەد

زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن

zubir.ahmed@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە بەشێوەیەکی چڕ بەدوایی وەڵامی ئەوەدا دەگەڕێت، کە ئایا پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە سەر چ بنەمایەک داڕێژراون؟ تورکیا چی لە هەرێمی کوردستان دەوێت؟ لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە تا ئێستا نوسراون وای دەبینن کە پاڵنەری سەرەکیی ئەو پەیوەندییانەی ئەنقەرە و هەولێر پاڵنەرێکی ئابوورییە، بە تایبەتیش فاکتەری وزە و پێداویستیی تورکیا بۆ ئەم بوارە. بەڵام ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە ئەوانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە توێژینەوەکە دەیەوێت بیسەلمێنێت، پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان پاڵنەرێکی ئاسایشییە – Security ئینجا دواتر پاڵنەری ئابووری و پرسەکانی وزە. ئەمەش ئەو دەرەنجامەیە کە لەو توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووین.

هەڵبەتە ئەمە بە مانای نکوڵیکردن نییە لە فاکتەری ئابووری، بەڵکو بەو مانایە دێت کە **وێنە گەورەکەی ئەم پەیوەندییانە کۆمەڵێک فاکتەری ترن کە بە تەواوی دەچنە چوارچێوەی پرسی ئاسایشی هەرێمیی ئاڵۆز-** Regional Security Complex، بۆیە سروشتی کێشەکانی هەرێم و تورکیا و هەروەها بەربەستی بەردەم پەیوەندییەکانی هەردوولاش بە زۆری لە ئاستی ئاسایشی ئاڵۆزدا ڕوودەدەن نەک لەسەر ئاستی ئابورری، واتا کاتێک کێشەکە پەیوەندی بە بوارێکی ئاسایشی یان سیاسیی تورکیاوە دەبێت، بۆ نموونە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک، یان ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ٢٥ سێپتەمبەری ٢٠١٧.

**وشە کلیلییەکان**: تورکیا، هەرێمی کوردستان، ئاسایشی هەرێمیی ئاڵۆز، وزە، پ. ک. ک، ڕیفراندۆم

## تورکیا و هەرێمی کوردستان: ئابووری یان ئاسایش، تورکیا بەدوای کامیاندا دەگەڕێ؟

## پێشەکی

پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان ئەگەرچی خوێندنەوە و شرۆڤەی زۆری بۆ کراوە چ لەسەر ئاستی ئەکادیمی بێت یاخود لە سەر ئاستی سیاسی و ڕۆژنامەوانی، بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستاش کتێبخانەی کوردی کەموکوڕی لە پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی ئەکادیمی و زانستی و بێلایەن بۆ ئەو پەیوەندییانە هەیە. واتە، تێگەیشتنێک کە پشت ئەستوور بێت بە تیۆرێکی زانستی و ئاکادیمیی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان International Relations. هەڵبەتە بەشێک لە ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە پەیوەندی ئەو دوو لایەنە لە بنەڕەتدا لە نێوان کیانێکی دەوڵەتی و هێزێکی هەرێمی چالاک کە تورکیایە، بەرانبەریش ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و هێزێکی لاواز کە هەرێمی کوردستانە، دامەزراوە. ئەمەش وا دەکات پەیوەندییەکان سروشتێکی ناهاوتا و ناهاوسەنگ وەربگرن. بەشەکەی تری کێشەزای پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر پەیوەستە بەوەی کە پەیوەندییەکان زیاتر لەسەر ئاستی حیزبین تا لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی حکومەت، ئەو ڕەهەندەش لە ڕاستیدا دیسان کێشەیەکی تر بۆ لێکۆڵینەوە زانستییەکان دروست دەکات بە تایبەت لەسەر ئاستی تیۆری. چونکە بەشێکی زۆری تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەت یان کیانی خاوەن سەروەری داڕێژراون. هەندێک جارییش تورکیا خۆی بە مەبەست نایەوێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێم سروشتێکی تەواو فەرمی هەبێت. لە زۆر حەڵەتی تریشدا

تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان زیاتر لە کۆنتێکستی عێراقەوە سەیر دەکات.

بەڵام هەرچۆنێک بێت قەبارەی ئەو پەیوەندییانە لە ئاستێکدایە کە زۆرجار هیچی کەمتر نییە لە پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەت، بە تایبەت لە ئاستەکانی بازرگانی و بوارەکانی سیاسی و ئاسایشی، بە تایبەتیش دوای ساڵی ٢٠٠٨ کە پەیوەندییەکان جگە لە ئاستی ئاسایش و هەماهەنگیی سەربازی و بورای بازرگانی پرسی وزەشی بە قەبارەیەکی زۆر تێکەڵبووە، کە هیچی کەمتر نییە لە قەبارەی بازرگانی تورکیا لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێیدا، بەڵکو هەندێک جار زۆر زیاتر و دەسکەوتی زیاتریشی تێدایە بۆ تورکیا.

من لەو توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی چڕ بەدوایی ئەوەدا دەگەڕێم کە ئایا پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە سەر چ بنەمایەک داڕێژراون؟ تورکیا چی لە هەرێمی کوردستان دەوێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەتوانین بڵێین کە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی تا ئێستا نووسراون بەسەر دوو بەشدا پۆلێندەکرێن. **بەشی یەکەم**، وای دەبینن کە پاڵنەری سەرەکیی ئەو پەیوەندییانەی ئەنقەرە و هەولێر پاڵنەرێکی ئابوورییە، بە تایبەتیش فاکتەری وزە و پێداویستیی تورکیا بۆ ئەم بوارە[١] **بەشی دووەم**، پاڵنەری ئەو پەیوەندییانە دەگەڕێننەوە بۆ دوو بواری سەرەکی کە بریتین لە بواری ئابووری و ئینجا لە پاڵیشیدا بواری هەماهەنگیی سیاسی، کە خۆی لە پرسی دژایەتیی پارتی کرێکاران دەبینێتەوە،[٢] بەڵام ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە لە ئەوانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان پاڵنەرێکی ئاسایشییە ئینجا ئابووری و پرسەکانی وزە.

بۆ ئـەوەی ئـەنجامی توێژینەوەکـەمان بـە وردی بپێکـین سـەرەتا پێویستە لە چوارچێوەیـەکی تیۆریدا سنووردراری بکەین، بۆیە **پرسیاری سەرەکیمان** بریتی دەبێت لەوەی: **ئایا چ فاکتەرێک پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیایە؟** ئایا پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای کامە بوارن؟ ئابووری، سیاسی یان ئاسایشی؟ کەواتا **گریمانەی ئەم توێژینەوەیە،** کە لە هەمانکاتدا سنووری جیاوازیی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی تر ئەوەیە: **دۆستایەتی تورکیا و هەرێم کە بەشێوەیەکی پراکتیکی و پراگماتیکی لە ٢٠٠٨ دەست پێدەکات تەنیا زادەی پەیوەندیی ئابووری و پێداویستیی تورکیا نییە بۆ وزە، وەک بەشێکی زۆر لە چاودێر و توێژەران لەسەری کۆکن.** هەڵبەتە ئەمە بە مانای نکوڵیکردن نایەت لە فاکتەری ئابووری، بەڵکو بەو مانایە دێت کە **وێنە گەورەکەی ئەم پەیوەندییانە کۆمەڵێک فاکتەری ترن کە بە تەواوی دەچنە چوارچێوەی پرسی ئاسایشی هەرێمیی ئاڵۆز- Regional Security Complex**، بۆیە سروشتی کێشەکانی هەرێم و تورکیا و هەروەها بەربەستی بەردەم پەیوەندییەکانی هەردوولاش بە زۆری لە ئاستی ئاسایشی ئاڵۆز ڕوودەدەن نەک لەسەر ئاستی ئابووری، واتا کاتێک کێشەکە پەیوەندی بە بوارێکی ئاسایشی یان سیاسیی تورکیاوە دەبێت، بۆ نموونە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک، هەروەها ڕیفراندۆمی٢٥ سێپتەمبەری ٢٠١٧، تورکیا چ جۆرە کاردانەوەیەکی بەرانبەر هەبوو.

## چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە (The theoretical framework)

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لەم توێژینەوەیەدا، پشت دەبەستم بە تیۆری ئاسایشی هەرێمیی ئاڵۆز (Regional Security Complex)کە هەندێک جار بە"تیۆری کۆمەڵەی

ئاسایشیی هەرێمی"یش ناودەبرێت، بەو شێوەیەی کە هەر یەکە لە باری بوزان و ئۆلی ویڤەر (Barry Buzan, Ole Wæver) بنەما سەرەکییەکانیان داڕشتووە. بوزان وا پێناسەی ئاسایشی هەرێمیی ئاڵۆز (RSC)دەکات کە بریتییە لە "گرووپێک لە دەوڵەت کە مەترسییە ئاسایشییەکانیان بەشێوەیەکی پتەو بەیەکەوە بەستراوەتەوە بە جۆرێک کە ئاسایشی نیشتمانیی هەر یەکێکیان بە ئەستەم لەوەی تریان جیادەکرێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا شێوازی پەیوەندی لە نێوان ئەو جۆرە وڵاتانەدا فۆرمێکی بەردەوامە لە دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە یەک کاتتدا" (Buzan, and Waever., 2003, p.47). لەبەر ڕۆشنای ئەم تیۆرە هەرێمی کوردستان بە شێکە لە پاکێجێکی فراوانتر کە پەیوەندیدارە بە ئاسایشی تورکیا لە ناوچەکە. هەرێم دەکرێت لە یەک کاتدا هەم ببێتە مایەی مەترسی، هەمیش مایەی ئارامی بۆ ئاسایشی تورکیا و ناوچەکە. بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرە "هەموو ئاسایشێکی هەرێمیی ئاڵۆز لە ڕێگای ترس لە جیابوونەوەی یەکەکان دروست دەبێت کە ئەمەش لە بنەڕەتدا بەرەنجامی تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانە" (Buzan and Weaver, 2003, P.4).

لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە مەترسییە ئاسایشییەکان زیاتر لە نێوان وڵاتە دراوسێکاندا دەگوازرێنەوە تا لە نێوان وڵاتانی دوور لەیەکتری. واتا کاریگەریی نزیکایەتیی جوگرافیا کارلێکی بەهێزتر لەسەر ئاسایش دروست دەکات بە تایبەت لەسەر سێکتەرەکانی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەم نزیکایەتییە جوگرافی و مێژوویی و نەتەوەییەی لە نێوان تورکیا و هەرێمدا هەیە هەمیشە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە کارلێکی سیاسی و کلتووری و ئەمنی لە سەر تورکیا و ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە دروست بکات، کە وا دەکات تورکیا بەردەوام بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا[٣] بکات،

ئەمەش بە زۆری بە دەستتێوەردانی سیاسی و سەربازی و ئەمنی کۆتایی دێت. ئەم دەستتێوەردانەی تورکیا لە هەرێم لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و حکومەتی هەرێمیش تا ئێستا هەر بەردەوامە[٤]. هەرێم ئەگەر لەگەڵ تورکیا لە قۆناغی دۆستایەتیشدا بێت، بەڵام ئەم دۆستایەتییە پڕە لە بەربەستی ئاسایشی کە وا دەکات هەرێم لە ڕوانگەی تورکیاوە هەرگیز جێگای متمانە نەبێت. ئەم فۆرمە ئاسایشییە هەرێمییە ئاڵۆزە لە نێوان زۆر دەوڵەتی تریش بوونی هەیە، بۆ نموونە وەک ئەو پەیوەندییانەی نێوان هندستان و پاکستان. هەر یەکە لە "بوزان و ویڤەر" بوونی ئاسایشی هەرێمیی ئاڵۆز دەگەڕێننەوە بۆ جۆرێک لە لاوازی یان فراژی (Fragile) دەوڵەت، ئینجا ئەمە چ کێشەی ئیتنی و ئاینی بێت، یان کێشەی سیاسی کە پەیوەندی بە خودی پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی – Nation building and State-building یەوە هەیە.

بەپێی ئەم تیۆرە چەند هۆکارێکی بنەڕەتی هەن کە وا دەکەن ئاسایشی وڵاتێک یان هەرێمێک کاریگەر یان گرێدراو بێت بە ئاسایشی وڵاتێکی تر (Buzan, and Waever., (2003), p.45).

١/ پەیوەندیی مێژوویی دووردرێژ- Long-standing Historical Links. وەک دەزانین تورکیا پەیوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ گشت پێکهاتەکانی عێراقدا هەیە، بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە. تا هاتنی ئینگلیزەکانیش بۆ عێراق و دروستکردنی دەوڵەتی عێراق، عێراق بەشێک بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. کاریگەریی تورکیا بەسەر عێراق بە تایبەتیش ویلایەتی موسڵ تا هاتنەسەرکاری بەعسییەکان بۆ سەر حوکم بە ڕوونی بەسەر پێکهاتەکانی عێراقەوە دیار بوو. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دروستبوونی ئیدارەیەکی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا، تورکیا هەمیشە بە وردی چاودێری هەرێمی کردووە، پەیوەندییەکانیش سەرەڕای

لێکتێگەیشــتنی ســەربازی و ئەمنــی بەڵام هەردەم لە هەڵــبەز و دەبــازدا بوونە.

٢/ کێشــە و ناکۆکییە سنوورییەکان- Border and Territorial Disputes. تا ئێستاش لە خەیاڵدانی تورکیادا ئەو ناوچانەی سەر بە ویلایەتی موسڵی کۆن بوون، وەک ناوچەی نفوزی تورکیا سەیردەکرێن. بە تایبەت کە ئەو ناوچەیە هەم کەمینە شیعەی تورکمان هەم سوننەی تورکمان و هەم کوردیشی تێدا دەژین و لە ڕووی سیاسیشەوە چالاکن و هێزی هەرێمیی تریش وەک ئێران لە ململانێکەدا پشکیان هەبوو. ئەمەمان بە ئاشکرا بینی لە کاتی شەڕی داعشدا کە چۆن تورکیا هێزەکانی خۆی لە بەعشیقە جێگیرکردن. ئەردۆگان بە ئاشکرا وتی "تورکیا دەبێت بەشێک بێت لە هەڵمەتی شەڕی دژی داعش لە موسڵ"(Khalilzad, 2016). ئەم دۆخە بۆ کوردیش ڕاستە، کورد ناوچە کوردنشینەکانی باشووری تورکیا وەک کوردستان دەبینێت. لە زهنییەتی تاکی کورددا ئەو ناوچانە هی کوردن و تورکیا داگیری کردوون. لەم دۆخەدا، واتا بوونی پێکهاتەی کورد لە هەردوو دیوی سنووریی عێراق و تورکیا دەکرێت بەشێک بێت لە مەترسی بۆ هەردوو وڵات، هەڵبەتە بە پێچەوانەوەش هەندێک جاریش بوونی فەکتەری کورد و کێشەی کورد بووەتە هۆکاری نزیکبوونەوەی هەردوو لا لە یەکتری.

٣/ بوونی پێکهاتەی ئیتنی و ئاینیی جیاواز- Ethnically Related Populations. واتە فاکتەری ئیتنی و ئاینزا جیاوازەکان دەکرێت سەرچاوەیەک بێت بۆ سەرئێشە و لە هەمان کاتدا کێشەی زۆری ئاسایشی بەدوای خۆیدا بێنێت. لەم سۆنگەیەوە بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی هاوبەش لە وڵاتانی دەوروبەر هەمیشە وەک پرسێکی ئاسایشیی هەرێمی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. زیاتر لە ڕێکەوتنیک هەبووە لە

نێوان تورکیا و ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، ئینجا ئەمە چ هەماهەنگیی سەربازی بووبێت یان هەماهەنگیی سیاسی و ئەمنی. نەک هەر پرسی کورد بەڵکو ناسنامەی ئاینیش دەتوانێت ببێتە پرسێکی ئاسایشیی هەرێمیی ئاڵۆز. بۆ نموونە پارتی داد و گەشەپێدان لە دوای ڕووخانی بەعس تا ئێستاش بە گومانەوە سەیری دەسەڵاتدارانی عێراقی نوێ دەکات، ئەردۆگان چەندان جار عێراقی تۆمەتبار کردووە بە دژایەتیی سوننەکان. لە دوای بەهاری عەرەبی زۆربەی ئەو سوننانەی عێراقیان جێهیشت وەک فریادڕەس سەیری تورکیا و ئەردۆگانیان دەکرد. عێراقیش چەندین جار تورکیای تۆمەتبار کردووە بە یارمەتیدانی سوننەکانی عێراق. تا ئاستێک شەڕی مەزهەبی لە عێراق کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی تورکیا بەرانبەر هەرێمی کوردستان. بە پشتبەستن بەو سێ ڕەهەندەی ئاماژەمان پێدان، هەروەها ئاستەکانی شرۆڤەکردنی ئەم تیۆرە ئینجا چ لەسەر ئاستی ئاسایشی ناوەخۆ بێت، یان لەسەر ئاستی ئاسایشی تورکیا یانیش لەسەر ئاستی هەرێمی، هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بەشێکە لە پرسی ئاسایشیی هەرێمیی ئاڵۆز. لەبەر ئەو هۆکارانەی باسکران، پێکهاتە و یەکەکانی ئەم تیۆرە (RSC) دەتوانن شرۆڤەییێکی ڕوونتر و زانستی بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەن، بە تایبەت کە بە زمانی کوردی ئەوەندەی خۆم ئاگاداربم ئەم تیۆرە لە توێژینەوەکاندا زۆر بەکەمی بەکارهێنراوە.

## میتۆدەکانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا بە ڕەهایی پشتمان بە میتۆدی جۆرێتی بەستووە – Qualitative Method، بۆ ئەم مەبەستەش چەندان سەرچاوەی زانیاری کۆکردنەوەمان بەکارهێناوە وەک کتێب، توێژینەوە و جۆرناڵی زانستی، لێداوانی ڕۆژنامەوانی، دۆکیومێنتی فەرمی. هەروەها بۆ

توێژینەوە و دیراسەکردنی ئەو بابەتانە، پشتمان بە ڕێچکەی شیکردنەوە بەستووە - Analytical Approach، واتە شیکردنەوەی هەڵسوکەوت و دیاردە و کێشە سیاسییەکان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان لە فۆڕمێکی تردا، کە لە هەمانکاتدا شیکردنەوەیەکی وردی وێستگەکانی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنە دەگرێتەخۆ. ئەمەش بە مەبەستی ڕوانینی قوڵتر لە کێشەی توێژینەوەکە کە تایبەتە بە پاڵنەری سەرەکیی پەیوەندیاکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان. بە هەمان شێوە بۆ تێگەیشتن یان دۆزینەوەی ڕیشەی کێشەکە لە زۆربەی حاڵەتەکان ڕێگای ڕەخنەگرتن Critical engagement with sources لە تێکستەکانی پێشووترم بەکارهێناوە ئەمەش بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی جیاوازتر لە توێژینەوەکانی پێشووتر. بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوەی زانیارییەکان هەر یەکە لە زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و کوردیم بەکارهێناوە.

**ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە** لە پێشەکی و دواتریش چوارچێوەیەکی تیۆری لەگەڵ چوار بەش و دەرەنجامەکان. بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم، لە بەشی یەکەمدا دیراسەی ستراتیژیەتی تورکیا لە عێراقی دوای ٢٠٠٣ کراوە. هەرچی بەشی دووەمە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێم کە تورکیا کام جۆرە دۆستایەتی لە هەرێمی کوردستان دەوێت. لە بەشی سێیەمیش باسی بەربەستەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە دەکەم. لە بەشی چوارەمیشدا دیراسەی ڕیفراندۆم دەکەم وەک وێستەگەیەک لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم، بۆ ئەم مەبەستەش گرنگی بە دوو تەوەرە دراوە، لە تەوەری یەکەم تاوتوێی کاردانەوەی تورکیا کراوە بەرانبەر بە ڕیفراندۆم. لە تەوەرەی دووەمیشدا تاوتوێی ئەو بەهەڵەتێگەیشتنە کراوە کە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمدا هەبووە، کە دەکرێت هۆکاری سەرەکیش بووبێ بۆ ئەوەی هەرێم

گـــرەوی ڕیفرانـــدۆمی لەســـــەر بکـــات. لە کۆتاییشـــدا دەرەنجامەکـــانی توێژینەوەکە بە پوختی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم/ ستراتیجیی تورکیا لە عێراقی دوای ٢٠٠٣

کۆمـەڵێک فاکتـەری سـەرەکی هـەن کـە دەبێـت ڕەچاویـان بکـەین بـۆ ئەوەی لە ستراتیجیی تورکیا لـە عێراقی دوای ٢٠٠٣ تێبگەین ، کە بـریتین لەمانەی خورەوە:

**یەکەمیان**، نـەمانی ڕژێمـی بـەعس لـە عێراقدا ڕاستەوخۆ کاریگـەری هـەبوو لەســەر گـۆڕانی یـان تێکچـوونی پارسـەنگی هێـز کـە پـێش ٢٠٠٣ بـەرکاربوو لــە ناوچەکــەدا و تورکیــاش بەشــێک بــوو لەو هاوســەنگییە. سەرەڕای ئەو پەیوەندییە ساردوسڕانەی کە لـە نێوان عێراق و تورکیادا هـەبوون بـە تـایبەتیش لـە نەوەتـەکان تـاوەکو ٢٠٠٣، بەڵام عێراق هـەردەم مایـەی پاراسـتنی بەشـی باشـووری ڕۆژئـاوای تورکیـا بـوو، واتـا ئـەو سـنوورەی کـە عێـراق لەگـەڵ تورکیـا هەیـەتی کـە بە تـەواوی ناوچـەی کوردنشینن، هەمیشە سەرچاوەی نفوزی پارتی کریکاران بووە. کەواتە بە نەمانی ڕژێمی بەعس کەلێنێکی ئەمنی دروست دەبێت لە نێوان سنووری تورکیـا و عێـراق کە پێشـووتر هەردووڵا ڕێککەوتنیـان لەسـەری هەبـووە. ئەم دۆخە بـۆ تورکیـا مـایەی نیگەرانـی و ترسـە، لە دۆخێـک کە جێگـای متمانە نییە و نازانرێت عێراقی دوای ٢٠٠٣ و بە تایبەتیش کورد چۆن لە ئایندەدا مەمەڵە لەگەڵ تورکیا دەکات.

**خـاڵی دووەم**، ئەوەیـە کـە ڕووخـانی ڕژێمـی بـەعس بـووە هـۆی دەرکـەوتنی هێـزی نـاوچەیی -Regional Powers تـر، کـە لەوانەیـە جێگـای مەترسـی بـن بۆسـەر بەرژەوەندییـەکانی تورکیـا لـە عێراقـدا، بـە تایبەتیش لە کەیسی پەیوەندیدار بە کوردەوە و دواتریش پەیوەندی هەرێم

لەگەڵ پـــارتی کرێکـــاران لە ئەگەری دەســـتکراوەبوونی بـــوونی هێـــزە کوردییەکانی هەرێم لە تورکیا. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سیستمە ئاسایشییە ئاڵۆزەی کە لە ناوچەکەدا هەیە (بە پشتبەستن بەو تیۆرەی کە بەکارمان هێناوە) (Barkey, 2010).

**سێیەم**، نەمانی ڕژێمی بەعس ڕێگای بۆ کوردی عێراق خۆش کرد کە ببنە خاوەن کیانێکی سیاسی و دەستووری، کە بێگومان ئەمەش تەنیا تایبەت نییە بە عێراق بەڵکو کاریگەریی ڕاستەوخۆشی دەبێت لەسەر ڕەوشی سیاسیی کورد لە ناوچەکانی تردا. چونکە ئەوە یەکەم جارە لە مێژوودا پرسی کورد ئەو دانپێدانانە دەستووری و سیاسییە وەربگرێت و وەک قەوارەیـــەکی سیاســـی مامەڵـــەی لەگـــەڵ بکرێـــت لـــە پەیوەندییـــە نێودەوڵەتییەکاندا.

**فاکتەرێکی تری** گرنگیی عێراق لە ڕووی ستراتیجییەوە بۆ تورکیا تایبەت بوو بەو گۆڕانەی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا ڕوویدا. واتا دوای هاتنە سەردەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان لە ٢٠٠٢، بە تایبەت ئـــەو ڕوانگـــە سیاســـییەی "داوود ئوغلـــو" کـــە بـــە قـــووڵای ســـتراتیژی و ســـفرکردنەوەی کێشـــەکان لەگـــەڵ وڵاتـــانی دراوســـێ نـــاوەزد دەکرێـــت (Müftüler-Baç, 2014, P.39) "Strategic Depth" and "zero problems with neighbours". ئەمە لە ڕاستیدا کاریگەریی فراوانی لە کرانەوەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرانبەر هەر یەکە لە عێراقو هەرێمی کوردستان هەبووە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێدان دەتوانین بڵێین کە دوو فاکتـــەری ســـەرەکی کەریگەرییـــان هەبـــووە لەســـەر ســـتراتیجیی تورکیـــا بەرانبەر عێراق (Bakir, 2015 ). یەکەمیان فاکتەرێکی ئاسایشیی ڕەهایە، چونکە هەر لە سەرەتای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە مەترسی سەرەکیی

تورکیا لە عێراق ئایندەی پێگەی کورد بووە، بە تایبەتیش لە ڕووی کاریگەرییەکانی لەسەر کێشەی کورد لە تورکیاوە، مەترسی سەرەکیش پەیوەست بووە بە ئەگەری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. ئەم فاکتەرە هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە واتە ١٩٩١ ئامادەیی هەبووە تا وەکو ئێستاش کە ساڵی ٢٠١٩یە° هەرچی فاکتەری دووەمە، تایبەت بووە بە بەرژەوەندیی ئابووری و بە تایبەتیش پرسی وزە. واتا عێراق وەک دەرفەتێک بووە بۆ تورکیا لە ڕووی ئابوورییەوە، بەم هۆیەشەوە تورکیا دەتوانێت ببێتە ڕێڕەوێک بۆ گواستنەوە و کڕینی نەوت و گازی عێراق، گواستنەوەشی بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا. ئەم فاکتەرە زیاتر دوای وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان هاتە پێشەوە واتە لە ٢٠٠٦-٢٠٠٧. هەڵبەتە ئەم فاکتەرەش دیسان گرنگیی خۆی لە دیدگای قووڵایی ستراتیژی داوت ئۆغلۆوە وەردەگرت کە تایبەت بوو بە ڕوانینێکی ئیمپراتۆرییانە بۆ پەیوەندی تورکیا و دەوروبەر ( Davutoğlu, 2010, pp. 389-395).

ئەگەر بە وردی بە پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا دابچینەوە لە ٢٠٠٣ – ٢٠٠٨ ، دەبینین کە تورکیا خۆی لاداوە لە بونیادنانی هەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، هەرێم هەرچەندە بەپێی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ کیانێکی سیاسی دانپێدانراوە، بەڵام تورکیا لە ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠٠٨ ڕاستەوخۆ دانی نەنا بە هەرێم. نەک هەر ئەوە بەڵکو لە ئەدەبیاتی سیاسیی تورکیادا تا پێش ساڵی ٢٠٠٧ بارزانی وەک سەرۆک خێڵ و پاڵپشتیکاری تیرۆر ناوزەد دەکرا ( Okatav, 2013, p.61).

لە دوایی ٢٠٠٣ تورکیا هەر زوو کەوتەخۆی بۆ بونیادنانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا. هەر لەو ماوەیەدا لە ٢٠٠٧ وەزیری

دەرەوەی تورکیا عەلی باباجان سەردانی عێراقی کرد. وەزیری دەرەوەی عێراقی ئەوکات هۆشیار زێباری وتی " کە عێراق ڕێگا نادات هیچ لایەنێک هەتا پارتی کرێکارانیش پەیوەندییەکانی ئێمە و تورکیا بخاتە مەترسییەوە". باباجان هەروەها وتی کە حکومەتی عێراق هاوکاری تورکیا دەکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە (Recknagel, 2007).

هەر تایبەت بە مەترسیی پەکەکە لە ئۆگستی ٢٠٠٧ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق نوری مالکی و سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی تورکیا، ئاردۆگان لە ئەنکەرا یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان-Memorandum of Understanding واژووکرد، کە تایبەت بوو بە دژایەتیکردنی پارتی کرێکارنی کوردستان ( Cagaptay, and Unver, 2007). هەر لەو ماوەیەدا تورکیا چەندان جار هەوڵیداوە ئەمریکییەکانیش بێننە سەر هێڵ تا گوشار بخەنە سەر هەرێم و عێراق بۆ لێدانی پەکەکە لە ناوچەکەدا. تا ئەو ئاستەی دەتوانین بڵێین کە لە دوای ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠٠٧ بەشێکی زۆری گرژییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا تایبەت بوون بە هاوکارینەکردنی هەرێم بۆ تورکیا بە مەبەستی لێدانی پەکەکە[٦] .

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە دروستبوونی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر عێراق (کوردستانیش بە ڕادەیەکی کەمتر) لە دوای ٢٠٠٣ بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تاوەکو گەیشتۆتە ئەو کاتەی ئێستا. فاکتەری پرسی کوردیش پاڵنەری هەرە سەرەکیی گۆڕینی ئەو سیاسەتەی تورکیا بووە بەرانبەر بە عێراق کە دەتوانین لە چەند قۆناغێکدا پۆلێنی بکەین:

**قۆناغی یەکەم (٢٠٠٣-٢٠٠٨):** پرسی سەرەکیی تورکیا لەو قۆناغەدا بەرانبەر عێراق پرسی ئاسایش بوو، بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەبووە بە پێگەی هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی فیدڕالی لە عێراقدا. ئەمەش زیاتر پەیوەست بووە بە ئەگەری کاریگەریی هەرێمێکی کوردی

کە دەتوانێت پرسی کورد لە ناوچەکانی تریشدا بجوڵێنێت. ئەمە جگە لەوەی تورکیا مەترسی ئەوەشی هەبوو کە هەرێم ببێتە پەناگەیەکی سیاسی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەو نیگەرانییانەی تورکیا بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پرسی کەرکوک و مادەی ١٤٠ و هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ لە عێراقدا، کە کورد دەنگی زۆرینە بوو لەو ناوچەیەدا. بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری وڵاتان، هەتا دراوسێکانی عێراقیش پێشوازییان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ٢٠٠٥ کرد، بەڵام تورکیا ڕەتیکردەوە کە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان گوزارشت لە گشت پێکهاتە ئیتنییەکانی عێراق بکات، تورکیا لە هەمان کاتدا داوای دووبارە هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکانی کەرکوکی کردەوە، مەترسییە سەرەکییەکەش باڵادەستیی کورد بوو لە عێراقی نوێدا (مرسي، ٢٠١٠).

لە ڕاستیدا بەشێکی هەرە زۆری ئەو نیگەرانییانەی تورکیا پەیوەندییان  بە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراقی ٢٠٠٥ هەبوو، کە ئەوکات هاوپەیمانی کوردستانی توانی ٧٥ کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا مسۆگەر بکات (٢٥٪ گشتی دەنگەکان). تورکیا بەهەمان شێوە نارەزایی هەبوو لەسەر پەسندکرنی دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥  لە ڕێگای ڕیفراندۆمەوە، کاتێک تورکیا بەشێک لەماددەکانی ڕەفزکردەوە بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە پرسی کەرکوک ( Lundgren, 2007).

ئەم قۆناغە لە ڕاستیدا گرژترین قۆناغی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم بوو، تا کار گەیشتە ئەوەی تورکیا هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی بکات لە ناو هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستەش سەد هازار سەربازی هێنایە سەر سنوورەکانی هەرێم بە پاساوی هێرشکردنە سەر پارتی کریکاران (Recknagel, 2007). لەهەمان کاتدا تورکیا

گوشـاری زۆریشـی خسـتە سـەر هـەرێم بـۆ ئـەوەی هاوکارییـان بکـات لە دژی پارتی کرێکاران، ئەنقەرە دەیەویست بە پاڵپشتی ئەمریکا دەرەفەتێکی لەوجـۆرە بڕەخسـێنێت. وڵاتـە یـەکگرتووەکانیش کـە پەکەکـەی خسـتۆتە لیسـتی تیـرۆرەوە ئـەویش گوشـاری لـە هـەرێم دەکـرد کـە پەکەکـە لـە سنووری هـەرێم دەربکـەن. بۆ ئـەم مەبەسـتە کۆندۆلیسـا ڕایزیش لـە ٢٣ ئۆکتۆبـەر ئەوەی دووپـاتکردەووە کـە ئـەوان "کاردەکـەن لەگـەڵ دۆسـتە عێراقی و تورکییەکەیان بۆ دۆرخستنەوەی مەترسیی تیرۆری پەکەکە لە باکووری عێراق، کە ئەمـەش پێویستی بە هەماهـەنگی و هاوکارییێکی زۆر هەیە". هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (ستەیت دیپارتمێنت) David Satterfield لە ٢٣ ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ ئـەوەی ڕاگەیانـد کـە ئـەوان هـەوڵی زۆرتریـان لـە هـەرێم دەوێـت بـۆ دژایەتیکردنی پەکەکە، ئێمە خۆشحاڵنین بە نەبوونی هیچ کردارێک "We are not pleased with the lack of action" لە لایەن هەرێمی کوردسـتانەوە، بێ ئـەوەی ڕوونـی بکاتـەوە کـە مەبەسـتیان چ جـۆرە کردارێکە (Recknagel, 2007).

لەم قۆناغەدا تورکیا بەدوای هاوپەیمانێکدا دەگەڕا کە بتوانێت لە کاتی پێویسـتدا بـەکاری بهێنێـت بـۆ ئەوەی ئاسـانکاری بـۆ جێبەجێکردنـی سیاسـەتەکانی تورکیـا لە عێراقـدا بکـات، چـونکە لەو قۆنـاغەدا زۆربەی وڵاتـانی تـری ناوچەکـە بە تـایبەتیش ئێـران و وڵاتـانی کەنـداو خـەریکی بونیادنـانی هـەژموونی خۆیـان بـوون لـە عێـراق. لـەو کاتـەدا تورکیـا تـەنیا دۆست کە هەیبوو لە عێراقدا تورکمانەکان بوون. بەڵام تورکمانـەکان ئەو پێگەیـەیان نـەبوون کـە بتـوانن هاوکـاری سیاسـەتەکانی تورکیـا بکـەن لـە عێراقدا. چونکـە لـە هـەڵبژاردنی پەرلـەمانی عێـراق لە ٣٠ کـانونی دووەمـی ٢٠٠٥ بەرەی تورکمانی تەنیا 1.1% دەنگە گشتییەکانی پەرلەمانی عێراقی بەدەسـتهێنا، لـە کـەرکوکیش 18.4% ئەمـە لـە کاتێکـدا تورکیـا بانگاشـەی

ئەوەی دەکرد کە کەرکوک شارێکی تورکمانییە[٧]. بەڵام بەهۆی لاوازیی تورکمانەکان و کەمی کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی، تورکیا هەوڵیدا کە تورکمانەکان هاوکاری هێزە شیعە و سوننەکان بکەن لە بەرانبەر مەترسیی کورد ئەگەر پێویستی کرد (Jenkins, 2009, p.17 ).

**قۆناغی دووەم (٢٠٠٨-٢٠١١):** ئەم قۆناغە دەتوانرێت بە قۆناغی ئاساییکردنەوەی سیاسەتەکانی تورکیا بەرانبەر عێراق دابنرێت، بە تایبەتیش هەرێمی کوردستان. لەم قۆنەغەدا تورکیا ڕۆڵێکی تەواو ئابووری و بازرگانی بینی، هەرێمی کوردستانیش وێستگە هەرە سەرەکییەکەی ئەو پەیوەندییانە بوو. بۆیە پەیوەندییەکان زۆر بەخێرایی گەشەیان کرد، هەر لەو قۆناغەدا مالیکی دووجار سەردانی تورکیای کرد. ئەردۆگانیش بووە یەکەم سەرۆک وەزیرانی تورکیا  کە دوای ١٨ ساڵ لە تەمووزی ٢٠٠٨  سەردانی بەغدا بکات. ساڵێک دواتر لە ٢٠٠٩ عەبدوڵا گولیش وەک یەکەم سەرۆکی تورکیا دوای ٣٣ ساڵ سەردانی عێراقی کرد (Dogan, 2015 ).

لەم قۆناغەدا تورکیا زیاتر هەوڵی دەدا ڕۆڵی ناوەندگیر بگێڕێت لە عێراقدا بە تایبەتیش لە نێوان سوننە و شیعەدا ئینجا کوردیش بە پلەی کەمتر. لە هەمان کاتدا تورکیا دەیویست پاڵپشتی یەکێک لەو پێکهاتانە بەدەستبهێنێت، چونکە ئەو سێ لایەنە یاریکەری سەرەکیی سیاسی بوون لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقی دوای ٢٠٠٣. بەڵام لە ڕاستیدا شیعەکان تەواو کەوتبوونە ژێر کونترۆڵی ئێران، هەرچی سوننەکانیش بوون ئەوانیش پەرشوبڵاو و لاواز بوون، دواتریش بەشێکی زۆری سەرکردەکانیان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی وڵاتانی کەنداو. کەواتە لەو دۆخەدا تەنیا کورد مابوونەوە کە تاڕادەیەک ئازاد بن لە هەژموونی وڵاتانی دراوسێ، بۆیە کورد تاکە جێگرەوە و هاوسنووریش بوون لەگەڵ

تورکیا. بە جۆرێک لە دوای ٢٠٠٧ تورکیا گەیشتبووە باوەڕێک کە بەبێ هەرێمی کوردستان و هێزە کوردییەکان ناتوانێت ڕۆڵێکی ئەوتۆ ببینێت لە لاوازکردنی پارتی کرێکاران. لەم قۆناغەدا تورکیا نەک تەنیا پشتی لە تورکمانەکان کرد، بەڵکو ئاموژگاریشی کردن کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەماهەنگی بکەن (Taştekin, 2014 ).

**قۆناغی سێیەم (٢٠١١-٢٠١٧):** لەم قۆناغەدا سیاسەتی تورکیا ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت کە بریتی بوو لە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق و لایەنگریکردنی سوننەکان و هاندانیان دژی حکومەتەکەی مالیکی (Uyanik, 2017). لە ڕاستیدا کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵیان هەبوو لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتی تورکیا لەو قۆناغەدا. یەکەم، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ کە ڕێگای خۆشکرد لەبەردەم ئێران کە بە تەواوی کۆنترۆڵی پرۆسەی سیاسی بکات لە عێراقدا. ئەمەش وای کرد کە ئەنقەرە بەدوای هاوپەیمانێکی بەهێزدا بگەڕێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا، بە تایبەتیش هەڵکشانی هەژموونی ئێران. دووەم، بەهاری عەرەبی دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ تورکیا، بە تایبەتیش لە ڕوانگەی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ ئەوەی هێزی نەرمی خۆیان بەسەر شۆڕشە عەرەبییەکانی جیهانی ئیسلامیدا تاقیبکەنەوە. ئەم ڕۆڵەی تورکیا دەتوانرێت تێبینی بکرێت لە شۆڕشە جەماوەرییەکانی تونس و میسر و لیبیا و هەروەها فەلەستین و عێراق و سوریاشدا. تورکیا و بەشێک لە سەرکردە و توێژەرە عەرەبەکان بە دووریان نەدەزانی کە تورکیا نموونەی ئەو مۆدێلەی حوکمڕانی بێت بۆ وڵاتانی عەرەبی، ئەردۆگانیش هەر لەو سۆنگەیەوە سەیری شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی دەکرد کە لە ڕاستیدا پێگەی جەماوەریی ئەردۆگانی گەیاندا ئەوپەڕی هەڵکشان لە جیهانی عەرەبیدا (Kirişci, August 15, 2013).

ئەو دیدە تائیفیەی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر عێراق دەتوانرێت بە ڕوونی تێبینی بکرێت لە کاتی هەڵمەتی ئازادکردنی موسڵ لەژێر دەستی داعشدا لە ساڵی ٢٠١٦. بە جۆرێک کە ئەردۆگان وەک پارێزەرێکی سوننەکانی عێراق لێدوانی دەدا. لە یەکێک لە دیدارە تەلەفیزیۆنییەکاندا لە ئۆکتوبەری ٢٠١٦ ئاردۆگان وتی " ئێمە بەشدار دەبین لە ئازادکردنی موسڵ، برا و خزم و کەسوکەرمان لەوێیە. بەشداریکردنی ئێمە لە ئازادکردنی موسڵ هیچ پرسیارێک هەڵناگرێت" ( Daily Sabah,17 October 2016). بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەکارهێنانی شوناسی مەزهەبیی سوننی لەو قۆناغەدا بەشێک بووە لە گوتاری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە هەمبەر عێراق ئەگەر بۆ ڕەواجی جەماوریش بێت.

## بەشی دووەم/ تورکیا چی دەوێت لە هەرێمی کوردستان؟

لەم بەشەدا پرسیاری سەرەکیی توێژەنەوەکەمان دەخەینە بەر شرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوە کە ئایا چ پاڵنەرێک بووە هۆکاری نزیکبوونەوەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان. هەڵبەتە ئەمە لە کاتێکدایە کە تا ئێستاش هەرێمی کوردستان جێگای متمانەی تەواوی تورکیا نییە و دەکرێت لە هەر کاتێکدا مایەی مەترسی بێت بۆ ئەنقەرە. ئەو مەترسییەمان بە ڕوونی بینی لە کاتی بڕیاردانی ڕیفراندۆم لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە کاتێک تورکیا چ جۆرە ترسێکی لێنیشت و چ کاردانەوەیەکیشی هەبوو. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم کە پەیوەندییەکانی هەرێم و تورکیا زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو لۆجیکەی کە دەڵێت" لە هاوڕێکانت نزیکبە بەڵام لە دوژمنەکانت نزیکتر (Keep your friends) close, and your enemies closer لەم سۆنگەیەوە دەتوانین کۆمەڵێک فاکتەر بدۆزینەوە کە بەرپرسن لە گۆڕینی یان کرانەوەی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر هەرێمی کوردستان، کە لە

ڕاستیدا هەندێکیان فراوانترن لەوەی تەنیا پەیوەندییان بە تورکیا و هەرێمی کوردستانەوە هەبێت.

من لەو توێژینەوەیەدا بەدوای سەلماندنی ئەو گریمانەیەدا دەگەڕێم کە: سەرەکیترین فاکتەری پەیوەندیی هەرێم و تورکیا فاکتەری ئابووری و بازرگانی نییە، بەڵکو فاکتەری ئاسایشە. ڕوونتر بڵێم پرسی کورد بە گشتی و پرسی پارتی کرێکارانە کە وا دەکات تورکیا بە بەردەوامی چاوێکی لەسەر هەرێمی کوردستان بێت. تورکیا دوای ئەزموونێکی دوور و درێژی سەربازی لەگەڵ پارتی کریکاران گەیشتووەتە باوەڕێک کە ئەو پارتە تەنیا لە ڕێگای هێزی سەربازی ناتوانرێت لەناو ببرێت. بۆیە تورکیای سەردەمی ئەردۆگان لە ٢٠٠٢ ەوە ستراتیجێک پراکتیزە دەکات کە بریتییە لە دەورەدانی پارتی کرێکاران، هەم لە ناوەوە و هەمیش لە دەرەوە. لە ناوەوەدا تورکیا سەرەتا دەستی کرد بە کرانەوە بەسەر کورددا، لە ڕێگای ئەنجامدانی چاکسازی لە کومەڵێک بواردا، واتە ئەوەی پێیدەڵێن پرۆسەی ئاشتی یان کرانەوەی دیمۆکراسی لە تورکیادا، کە لە چەند بوارێک پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینی[٨]. لە دەرەوەشدا پارتی داد و گەشەپێدان هەڵسا بە پەیوەندی و هەماهانگیی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. ڕاستە پەیوەندییە بازرگانییەکان و بە تایبەتیش وزە ڕۆڵی باشی هەبوو لە بەردەوامبوونی ئەو پەیوەندییانەدا، بەڵام فاکتەرە سەرەکییەکە پرسی پارتی کرێکاران و کورد بووە لە تورکیا. لەم ڕووەشەوە تورکیا تا ئاستێکی زۆر پشتی بەستووە بە هەماهەنگی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەر زیاتر لە فاکتەرێک. یەکەم، لەبەرئەوەی پارتی و پەکەکە مێژوویێکی درێژی ناکۆکی سیاسییان هەیە لەگەڵ یەکتر، دووەم، جومگە سەرەکییەکانی بڕیاردان لە حکومەتی هەرێم لەبەر دەستی پارتین. سێیەمیش، پارتی هاوسنوورە لەگەڵ تورکیادا بەجۆرێک بەبێ هەماهەنگیی پارتی لەگەڵ تورکیا ئەستەمە سنوورەکانی

تورکیا ئارامی ببینن. خاڵێکی تری گرنگیش ئەوەیە کە ڕەنگە تورکیا پێیوابێت ئەگەر پارتێک یان کەسایەتییەکی سیاسی بتوانێت ببێتە جێگرەوەی پارتی کرێکارن بۆ کورد و بۆ ئۆجەلانیش ئەوا پارتی و کەسایەتی مەسعود بارزانییە، بەهۆی ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە پارتەکانی تری باشووری کوردستان نزیکترە لە کوردانی باکوور، لە هەمان کاتدا پارتی حەز و نیازی فراوانخوازی هەیە لە بەشەکانی تری کوردستاندا. هەڵبەتە لێرەدا زیاتر مەبەستم لە ڕووی کاریگەریی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەسەر بەشەکانی تری کوردستان نەک جموجۆڵی سەربازی.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە تورکیا وایدەبینێت کە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی خۆی تا ئاستێکی باش کاریگەرە بە پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا (Oktav, 2011، p.23). دەتوانین بڵێین کە تورکیا لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ هەرێم مەبەستی ئەوەیە کە کێشەی کورد لە تورکیا لە پارتی کرێکاران جیابکاتەوە، بە کوردەکانی خۆشی بڵێت کە تورکیا دژی کورد نییە بەڵکو دژی پەکەکەیە. لە لایەکی تریش، تورکیا دەیەوێت پەیامێک بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بنێرێت و بڵێت کە پەکەکە نوێنەرایەتی کێشەی کورد ناکات لە تورکیا. لە هەمان کاتدا پێدەچێت تورکیا مەبەستی ئەوەشی هەبێت کە سەرکردایەتیی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا لە دەست قەندیل دەربهێنێت و بیداتە دەست هەولێر. ئەردۆگان لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا بە ئاشکرا نیەتێکی وای درکاند کاتێک گوتی "ڕێکخراوی پەکەکە نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی کورد ناکات کە لە تورکیا دەژین" (Daily Sabah, 21 May 2016).

بەڵام توركيا نەيتوانی سەركەوتووبێت لە بچووكردنەوەی پەكەكە، بە تايبەت دوای سەركەوتنی پارتی كۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ٢٠١٥ كە توانيان بەربەستی ١٠٪ تێپەڕێنن و زياتر لە ١٣٪ دەنگەكانی پەرلەمانی توركيا بەدەستبێنن. لە هەمان كاتدا توركيا پەيوەنديی خۆی لەگەڵ هەرێم وەک كارتێک بەكارهێنا بۆ ئەوەی بتوانێت پرۆسەی كرانەوەی ديموكراسی بەو ئامانجە بگات كە دەيەوێت. لە نۆڤەمبەری ٢٠١٣ ئەردۆگان بارزانی بانگهێشت كرد بۆ توركيا لە ميانەی كەمپينی هەڵبژادنەكاندا لە شاری دياربەكر. تا ئەو ئاستەی هەدەپە گلەييان لە بارزانی كرد كە ئامادەبوونی وەک پاڵپشتيكردنێک بوو لە ئەردۆگان ( Hurriyet Daily News, 16 November 2013).

دەركەوتنی پارتی يەكێتی ديموكراتی – PYD لە سوريا كە ناسراوە بە پەيەدە لە دوای ٢٠١١ فاكتەرێكی تر بوو بۆ ئەوەی توركيا زياتر نزيكبێتەوە لە هەرێمی كوردستان. بارزانی چەندين جار ڕەخنەی لە سياسەتی پەيەدە گرتووە لە سوريا، ئينجا چ بە خۆدانەپاڵی ڕژێمی ئەسەد بێت يان بە قۆرخكردنی پرۆسەی سياسی لە سوريا Werz, and Hoffman, 2014) ). لە ڕوانگەی توركيا بە تايبەتيش ئەردۆگان نزيكبوونەوە و كاركردن لەگەڵ هەرێمی كوردستان لە ڕێگای پەيوەنديی بازرگانی و سياسی زۆر باشترە تا لە فەرامۆشكرنی، چونكە گوشار خستنە سەر هەرێم لەوانەيە ببێتە هۆی نزيكبوونەوە و هەماهەنگيی هەرێم لەگەڵ پارتی كرێكاران، بەڵام بەپێچەوانەوە نزيكبوونەوەی زياتری توركيا لە هەرێم وا دەكات نێوانی پەكەكە و هەرێم خراپتر بێت. هەڵبەتە ئەمەش بۆ دواجار خزمەت بە سياسەتی توركيا دەكات لە دژايەتيكردنی پەكەكەدا لە لايەک و لە لايەكی تريش كەلێنی نێوان پەكەكە و هەرێم ئەوەندەی تر گەورەتر دەكات. بەڵام ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەو سياسەتەی توركيا بكەين دەتوانين بڵێين كە تا ئێستا بە تەواوی

سەرکەتوو نەبووە، چونکە هەرێمی کوردستان تەنیا بریتی نییە لە پارتی دیموکراتی کوردستان. دواتریش نە پارتی و نە هیچ پارتێکی هەرێمی کوردستان ئەو ڕەگوڕیشە ئایدولۆژی و مێژوویی و سیاسییەی نییە لە ناو کوردانی باکووردا کە ببێتە جێگرەوەی پەکەکە لە تورکیا و بەشەکانی تری کوردستان. ئەمە جگە لەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە لای بەشێکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان وەک پارتێکی تێکۆشەر و خاوەن پرسێکی نەتەوەیی سەیر دەکرێت.

ئەم سیاسەتەی تورکیا بەرانبەر هەرێم لە ڕاستیدا هەندێک جار کێشەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دروستکردووە، چونکە هەر یەکە لە یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕان و دواجار نەوەی نوێش هەوڵیانداوە پەکەکە لە ململانێ ناوخۆییەکاندا وەک قەلغانێک لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان بەکاربێنن. لێرەدا مەبەستم لە ڕووی سیاسی و گوتاری نیشتمانییەوەیە نەک لە ڕووی سەربازی، ئەم پاڵپشتی نیشاندانەی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی بۆ پارتی کرێکاران و پارتەکانی تری نزیک لەو پارتە لە دوای داخستنی پەرلەمان لە ٢٠١٥ لە لایەن پارتییەوە بە ئاشکرا دیار بوو. بەڵام ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەو سێ لایەنە لەگەڵ پەکەکە بەزۆری لە ئاستی پڕوپاگەندە و سۆشیال میدیا تێپەڕی نەدەکرد. ئەم هەماهەنگییە لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر شنگال لە ٢٠١٤ زۆر توند بوو، چونکە هەر یەکە لە پەکەکە و گۆڕان و یەکێتی، پارتییان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە یەزیدییەکانیان بەتەنیا بەجێهێشت بۆ داعش و شەنگالیان بێ شەڕ چۆلکرد (Salih, and Fantappie. 2019) .

لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ بینالی یەڵدرم ئەوەی درکاند کە هەریەکە لە تورکیا و حکومەتی هەرێم بەیەکەوە کاردەکەن بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لە باکووری عێراق، "کارێکی لۆجیکییە کە ئەو ناوچە

ئارامه له ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستاندا بێت، ئێمه ئەو ناوچەیه دروست دەکەین لەگەڵ خاوەنه ڕاستەقینەکەی هەرێمەکه که بارزانییه، حکومەتی هەرێمیش لەوبارەیه لەگەڵ ئێمه جیاواز نییه" (Idiz, 2013). له ڕاستیدا مەبەستی سەرەکیی تورکیا له دروستکردنی ئەو ناوچەیه ئەوه بوو که سنووریک دابنێت بۆ تەشەنەکردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکاران و ڕێکخراوه نزیکەکانیان بۆ ئەوەی نەتوانن بنکەیەکی تری هاوشێوەی قەندیل له شنگال دروست بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم به جۆرێک له جۆرەکان هاوکاریی تورکیای کردووه. نەک هەر ئەوه بەڵکو سەرکرده شیعەکانی عێراقیش چەندین جار حکومەتی هەرێمیان به هاوکاریکردنی تورکیا تۆمەتبارکردووه.

پاڵنەری دووەمی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان پرسی وزەیه. له دوای ٢٠٠٨ تورکیا گەیشتۆته ئەو باوەڕەی که هەرێمی کوردستان دەکرێت پاڵپشتێکی باش بێت بۆ تورکیا له ڕووی دابینکردن و گواستنەوەی وزه بۆ ئەورووپا. ئەمه وادەکات که تورکیا ڕۆڵێکی جەمسەری بگێڕێت له ڕووی بەستنەوەی بازاڕەکانی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئاسیای ناوەڕاست به ئەورووپاوه ( Balcı, 2014, p.15 ).

پاڵنەری سێیەمی سیاسەتی تورکیا هەمبەر به هەرێمی کودستان ئەوەیه که هەندێک جار پەیوەندیی ئەنقەره و هەولێر دەکرێ سەرچاوەیەک بێت بۆ گوشار خستنەسەر بەغداد. بەڵام لەگەڵ ئەوشدا ئەنقەره هەرگیز خوازیاری ئەوه نەبووه که گشت پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بپچڕێنێت (Barkey, 2010 ). هەرچەنده پەیوەندیی ئەو دوو لایەنه له دوای کشانەوەی ئەمریکا له عێراق له ساڵی ٢٠١١ گرژیی زۆری تێکەوت، به تایبەت له سەردەمی نوری مالیکی. ئەمەش له ڕاستیدا دەکرێت بگەڕێنرێتەوه بۆ کۆمەڵێک فاکتەر. وەک دەرچوونی فەرمانی

گرتنـــی تـــارق هاشـــمی لە ٢٠١١ کە بـــووە هـــۆی زیـــاتر ئـــاڵۆزکردنی پەیوەنـدییەکانی نێـوان مـالیکی و ئەردۆگـان. بە تـایبەت کاتێک ئەنـقەرە ڕەتیکردەوە کە ناوبراو بداتەوە دەست عێراق. لە سەردەمی عەبادیشدا پەیوەندیی هەردوولا گرژیی زۆری تێکەوت، بە تایبەت لە کاتی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ لە دەستی داعش. پرسی سووریاش کێشەیەکی تربوو کە وای کـــرد تورکیـــا و عێـــراق نێوانیـــان خراپتـــر بێـــت. هەروەهـــا سەردانیکردنی داوود ئۆغلۆ بۆ بەغداد لە ٢٠١٢ بەبێ ئاگادارکردنەوەی بەغـــدا، ئەمە ســـەرەڕای کێشـــەی فرۆشـــتنی نەوت لە لایەن حکـــومەتی هەرێمەوە بە تورکیا، کە تا ئێستاش کێشەکە لە دادگاکانی بەریتانیا ماوە. هەموو ئەو کێشانەی نێوان بەغدا و ئەنقەرە دەچنە ئەو قاڵبەوە. تا کار گەیشتە ئەوەی بەغدا لە ئۆگستی ساڵی ٢٠١٢ بانگێشتی باڵیۆزی تورکیا "یـونیس دیمیـرەر" بکـات. بـۆ ئەم مەبەسـتە حکـومەتی عێـراق نـامەیەکی ناڕەزایی دایە باڵیۆزی تورکیا لەسەر هاتنی ئەحمەد داوود ئۆغلۆ وەزیری پێشـوی تورکیا بۆ کەرکوک بە بێ ئاگاداری عێراق Hurriyet Daily (News, August 3 2012).

چـوارەم، ڕەهەنـدێکی تـری دۆسـتایەتی تورکیـا و هەرێـم دەکرێـت بـۆ سنووردارکردنی هەژموونی ئێران بێت لە عێراق. لە دوای ٢٠١١ جەنەراڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزەکانی قودس زۆر بە وردی کاری لەسەر دروستکردنی دوو ڕێڕەوەی وشکانی بۆ بەستنەوە و ناردنی هاوکاریی ســەربازی لە ئێـرانەوە بـۆ عێـراق و دواتـریش بـۆ ســووریا دەکـرد (Hossino, 2019). ڕێـڕەوی بـاکوور لە ئێـرانەوە دێـت بە دیـالەدا تێدەپەڕێت کە ئێستا بووەتە شارێکی زۆرینەی شیعەنشین، دواتریش بە پارێزگـاری کەرکـوک و گونـدی شـەرقات لە ڕۆژهەڵاتەوە دەڕوات کە لە ڕێگـای تەلەعـفەر و چیـای شـنگال سـووریا دەبەسـتێتەوە بە عێـراق. بـۆ ئەمەش بێگومـان لارینەبـوونی هەر یەکە لە بەغـدا و حکـومەتی هەرێمیـان

دەویت. بوونی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە شەنگال ئەو مەبەستەیان بۆ ئێران ئاسانکرد، چونکە پەیوەندییێکی باشیان لەگەڵ ئێران هەبوو لە کاتی شەڕی داعش و دواتریش. ئەمە بێجگە لە هەماهەنگی لەگەڵ میلیشیا شیعیەکانی نزیک لە ئێران کە لەو ناوچەیەدا نیشتەجێکراون، بەتایبەتیش لە تەلەعفەر. ئەوەی ئەم هەماهەنگییەی نێوان کوردی سووریا، واتە پەیەدە و ئێرانی ئاسانکردووە ئەو مەترسییەی تورکیایە لەسەر پەیەدە و هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە تورکیا تا ئەوپەڕی دژایەتییان دەکات. بەڵام ئانکەرە لە ڕێگای ئەو پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی هەیبوو توانیویەتی تەگەرە بۆ تەواوبوونی ئەو پڕۆژە ئێرانییە دروستبکات. لە ڕێگای بۆردومانکردنی هێزەکانی پارتی کرێکاران و لقەکانیان لە چیاکانی شنگال.

هەریەکە لە ئێران و تورکیا، واتا ئێران لە ڕێگای شیعەکانەوە، تورکیاش لە ڕێگای هەرێمی کوردستانەوە توانیویانە کۆمەڵێک پەیوەندیی دامەزراوەیی بونیاد بنێن و شوێنپێی خۆیان لە عێراقدا تۆکمە بکەن. تورکیا لە ڕێگای بونیادنانی پەیوەندیی سیاسی و ئەمنی و ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتریش لەگەڵ سوننەکاندا. ئەم جۆرە پەیوەندییە دەتوانرێت دەرکی پێبکرێت لە ڕێگای ئەو گرێبەستە پەنجا ساڵییەی کە هەرێم و تورکیا کردوویانە لە نۆڤەمبەری ٢٠١٣. دیارە ئەو پەیوەندییە درێژخایەنە عێراقی نیگەران کردووە، هەر بەم بۆنەیەوە وەزیری نەوتی عێراق شەهرستانی وتی " ئەمە هەڵوێستێکی زۆر دوژمنانەیە کە هیچ دراوسێیەکی تر تا ئێستا لەگەڵ عێراقی نەکردووە" . (Gulf News, 1 June 2014). کەچی سەرەڕای نارەزایی هەریەکە لە عێراق و ئەمریکا لەسەر ئەم گرێبەستە نەوتیە هەر یەکە لە هەرێم و تورکیا بەردەوامبوون لەسەر ئاڵوگۆڕی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان. ئەوەی ڕاستی بێت تا ئێستا ڕای گشتی، هەتا کۆمپانیای دیلۆیتیش کە

لەگەڵ هەرێم کاردەکات بۆ وردبینی لە داهاتە نەوتییەکان نازانێت ناوەرۆکی ئەو گرێبەستە پەنجا ساڵییە چییە. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە گرێبەستەکە جگە لەوەی گرێبەستێکی بازرگانی بێت گرێبەستێکی ئەمنی و سیاسیشە کە چەندان بواری تر دەگرێتەوە، بە تایبەت جێگیرکردنی هێزەکانی تورکیا لە هەرێم و دژایەتیکردنی پارتی کرێکاران (Niqash, 23 April 2015).

**بەربەستەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان**

پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم ئەوەندە بەهێز نییە وەک چاوەڕواندەکرا. چونکە بەشێکی زۆری ئەو پەیوەندییانە لە ڕێگای پارتی داد و گەشەپێدان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کراون، بە تایبەت لە هەرێمدا بە هۆی لاوازیی دامەزراوەییێکی نیشتمانی بۆ ئیدارەدانی ئەو پەیوەندییانە. لە ناوەخۆی هەرێمیش چەندین جار لایەنەکانی تری وەک یەکێتی نیشتمانی و بزوتنەوەی گۆڕان ڕەخنەیان لەو پەیوەندییانە گرتووە و پارتییان بەوە تاوانبار کردووە کە مەلەفی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆی کۆنترۆڵکردووە.

لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانم بڵێم کە تا ئێستا بنەمایەکی ستراتیجی نییە بۆ ئیدارەدانی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم، بە تایبەت لەلایەن تورکیاوە، ئەمەش دەتوانرێت لە دوو وێستگە ئەو پەیوەندییانە ببینرێن. یەکەم، کاتێک لە ئۆگستی ٢٠١٤ داعش بە دووری ٢٠ مایل خەریکبوو لە هەولێر نزیک دەبووە، هەرێم بە فەرمی داوایی هاوکاری لە تورکیا کرد، بەڵام تورکیا ئامادەنەبوو هاوکاریی سەربازی پێشکەشی هەرێمی کوردستان بکات (Park, 2019, p.50) . بە جۆرێک ئەگەر هاوکاریی سەربازیی ئەمریکا و ئێرانییەکان نەبوایە هەولێر نزیک بوو لە کەوتن. وێستگەی دووەم، لە کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوو لە کەرکوک، لە

٢٨ نیسانی ٢٠١٧ لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، کە بە جۆرێک ئەردۆگانی پەستکرد، وتی "کەرکوک بەتەنیا شاری کوردی نییە بەڵکو هی تورکمان و عەرەبیشە، ئەگەر ئاڵای کوردستان نەهێننە خوارەوە ئەوە دەبێت باجی بدەن" (Rudaw, 4 April 2017). ئەردۆگان مەبەستی بوو کە بڵێت ئەگەر وا بڕوات بە پەیوەندییەکانماندا دەچینەوە. ئەمە لە ڕاستیدا بە دیوێکی تریشدا واتای ئەوە دەدات، کە کرانەوەی تورکیا بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا سنووری هەیە، هەرێم نابێت ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانێت سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی خۆی ڕابگەیەنێت، چونکە ئەمە جێگای مەترسییە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا.

## بەشی چوارەم/ ڕیفراندۆم وەک وێستگەیەک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان

ڕیفراندۆم وێستگەیەکی باشە بۆ ئەوەی باشتر لە پاڵنەری پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم تێبگەین (Daly, 2017, p.4). بەشێکی زۆری سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، نەک هەر ئەوە بەڵکو توێژەرە کورد و بیانییەکانیش پێیانوابوو کە تورکیا نەرمی دەنوێنێت لە بەرانبەر پرۆسەی ڕیفراندۆم. تا ئەو ئاستەی بەشێک لە گوتاری دژەڕیفراندۆم پشتی بەستبوو بە بانگەشەیەک گوایە ڕیفراندۆم لە بنەڕەتدا پڕۆژەیەکی هاوبەشی بارزانی و ئاردۆگانە بۆ لکاندنی هەرێم بە تورکیا[٩]، چونکە ئاستی هەماهەنگیی هەرێم و تورکیا هەر لە قۆناغی بازرگانی نەوەستابوو، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسی و ئەمنی و سەربازیش پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوەبینیبوو. بە تایبەتیش لە کاتی ڕێگەدان بە هێزی پێشمەرگە کە لە ڕێگای تورکیاوە بچن بۆ پاراستنی کۆبانێ، دواتریش لە کاتی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ، کاتێک هێزەکانی تورکیا لە بەعشیقە نیشتەجێبوون بە هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە. بۆیە کەمبوون

ئەوانەی پێیانوابوو تورکیا ئەو جۆرە کاردانەوەی دەبێت. ئەم دوو وێستگەیە خاڵی زۆر گرنگن لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم، تا ئەو ئاستەی هەندێک جار جۆرێک لە بە هەڵەتێگەیشتنیان (misunderstanding) دروست دەکەن لە تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی ئەم دوو لایەنەدا، بۆیە هەوڵدەدەین لە دوو ئاستدا لەسەری بوەستین.

## ئاستی یەکەم/ کاردانەوەی تورکیا بەرانبەر ڕیفراندۆم

ئەردۆگان کە زانی بارزانی بەجدی مەبەستیەتی ڕیفراندۆم ئەنجامبدات، ئیتر لەو کاتەوە ئەنقەرە هەستی بە مەترسیی جدیی کرد و بە هەموو شێوەیەک کەوتە بەربەست دروستکردن و شکستپێهێنانی ئەو پرۆسەیە. ئەردۆگان لە ترسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەرگیز قەبارەی بازرگانیی هەرێم و تورکیا کە نزیەکەی ١٠ بلیۆن بوو، هەروەها ئەو وەبەرهێنانەی کۆمپانیا تورکییەکان لە هەرێم کە ژمارەیان نزیکەی ١٥٠٠ کۆمپانیای تورکی بوو نەهاتە بەرچاو. هەروەها ئەو ڕێککەوتنە پەنجا ساڵییەی نەوت فرۆشتن کە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لە نێوان ئەنکارە و هەولێردا واژووکرابوو، ئەمە بێجگە لەوەی ٧٠٪ بازرگانیی تورکیا و عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان بوو (Park, 2019, p.47). بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە هیچی نەیتوانی تووڕەیی تورکیا (ئەردۆگان) دابمرکێنێتەوە لە کاتی ڕیفراندۆمدا. بۆ لێکدانەوەی ئەم دۆخەش من دیسان دەچمەوە سەر گریمانە سەرەکییەکەی ئەو توێژەنەوەیە و دەڵێم کە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم فاکتەری بەهێزتر لە ئابووری و بازرگانی ئاراستەیان دەکات، کە ئەویش فاکتەری ئاسایش و پرسی کوردە و لە ناوەخۆی تورکیا و ناوچەکەدا. ئەردۆگان لە ٢٥ی سێپتەمبەر بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە تورکیا یارمەتی هەرێمی کوردستانی داوە لە کاتە هەرە سەختەکاندا، کاتێک کە هەرێم کەسی لە پشت نەبوو. "ئێمە هەرێممان والێکرد بکەوێتە

سـەرپێ"... بڕیـاری ڕیفرانـدۆم کە بەبێ هـیچ پـرس و ڕاییێک لەگەڵ ئێمە دراوە خیانەتە لە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئێمە کە لە باشترین ئاستدا بـووە". ئەردۆگـان ئامـاژەی بە بـواری نەوتـیش دا و وتـی ئـێمە بەبـێ ڕەزامەندیی بەغدا ڕێگامان بە هەرێمداوە کە نەوتەکەی لە ڕێگای تورکیاوە بفرۆشـێت. هـەر کاتێـک ئـێمە سـنوور دابـخەیەن داهاتەکەتـان لە پەنـجەرە دەڕواتە دەرەوە. هەر کاتێـک بارهەڵگرەکانمـان لە کـارکردن بوەسـتن لە بـاکووری عێـراق خـواردن و جلوبەرگیـان دەسـتناکەوێت" ( Uyanik, 2017).

لەو ڕۆژەی هەرێم بڕیاری ڕیفراندۆمی دا تورکیا بە کردەیی دەستی کرد بە هەنگاونان و گوشار بۆ پەشیمانکردنەوەی بارزانی بە وازهێنان لـە ڕیفراندۆم. تا کار گەیشتە ئەوەی کە لە ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ هەریەکە لە وەزیری دەرەوە مەولوود چاوشئوغلو و بەرپرسی دەزگای هەواڵگریـی نەتـەوەیی (National Intelligence (MIT هاکان فیدان بنێریت بۆ هەولێر بۆ ئەوەی باوەڕ بە بارزانی بێنن کە لـە ڕیفرانـدۆم پاشـگەزبێتەوە (Amberin Zaman, 2017). ئـەردۆگان دیسـان ئـەم هەوڵـەی پشتراسـتکردەوە لــە کــاتی کۆبوونــەوەی کۆمەڵــەی گشــتی نەتــەوە یـەکگرتووەکان و وتـی " ئێمـە ئـەو نوێنەرانـەمان ناردووە بۆ ئـەوەی بـە بـارزانی بڵێـین کـە ئـەو هەڵەیـە نـەکات، چونکـە ئـەو هەنگـاوە هـەرێم و ناوچەکە ڕادەکێشـێت بۆ جـەنگێکی ئیتنـی و تـائیفی بێکۆتـا" ( Amberin Zaman, 2017).

نەک هەرئەوە بەڵکـو کـار گەیشـتە ئەوەی تورکیـا پەنـا ببـات بـۆ هەمـاهەنگیکردن لەگەڵ بەغـدا بـۆ شکسـتپێهێنان بە پرۆسـەی ڕیفرانـدۆم. هەریەکە لە ئێران و تورکیا بەکردار پاڵپشتییان لە حکومەتی بەغدا کرد بۆ ڕێگـرتن لە ڕفرانـدۆم. ئەردۆگـان لە ١٩ی ئۆکتـۆبەر وتـی ئـێمە بەردەوام

دەبین لە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا " لەسەر ئەوەی کە دەتوانرێت بیکەین... ئێمە هێشتا سنوورەکانمان دانەخستوون، بەڵام ئەمە دەکرێت ڕووبدات لەهەر کاتێکدا" (REUTERS, 2017) . لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر ئاردۆگان بۆ هەمان مەبەستی هاوکاریی حکومەتی بەغدا لە ئانکەرە چاوی کەوت بە عەبادی و جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان هەنگاوی باشیان ناوە لەگەڵ بەغدا و تەهران، بەهەمان شێوە بینالی یەڵدرمی سەرۆک وەزیرانیش لە میانەی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ عەبادی وتی کە ئەوان دەروازەی سنووری خابوور دەگوازنەوە بۆ ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵی عێراق بێت[١٠]، ئەمەش وەک بەشێک لە سیاسەتی تورکیا بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی ناوەندی، لە ی٣١ ئۆکتۆبەر عەبادی وتی کە دەروازەی سنووری لە نێوان فیشخابوور ڕادەستی حکومەتی عێراق کراوەتەوە (Uyani, 2017)، بەڵام دواتر دەرکەوت کە وا نەبووە.

هەڵبەتە چەند فاکتەرێکی سەرەکی هەن کە وای لە ئەردۆگان کرد بەو شێوە چاوەڕواننەکراوە کاردانەوەی بنوێنێت بەرانبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

١. بەشێکی زۆری کاردانەوەی تورکیا لە هەمبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان پەیوەندی هەبوو بە هەڵکشانی کێرڤی سیاسیی کوردانی سووریا لە دوای ٢٠١١. بۆ نموونە لە ڕۆژی ڕیفراندۆم، ئاردۆگان گوتی " تورکیا ڕێگانادات دەوڵەتێکی تیرۆریست لە سووریادا دروست بێت" ئەم دۆخەی سووریا (مەبەستی ڕۆژاڤا بوو) پەیوەندی بە مانەوەی دەوڵەت و نەتەوەی ئێمەوە هەیە" .( Uyanik, 2017 ). لە یەکی نۆڤەمبەر ئاردۆگان دیسان پرسی کوردی لە سووریا هێنایەوە بەرباس و وتی " پەیەدە خەریکە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی فراوان دەکات بۆ ئەوەی بگاتە سەر دەریای ناوەڕاست، ئەنقەرە

هەرگیز ڕێگا بە سیناریۆیەکی وەها نادات (Uyanik, 2017).
ئاردۆگان هەر ئەوکات هەڕەشەی هێرشی سەربازی کرد لە سووریا، کە دەکرێت لەهەر کاتێکدا ڕووبدات، ئەوەبوو دواجاریش هەر ڕوویدا و بە هێرشکردنە سەر عەفرین کۆتایی هات. لە ڕاستیدا ئەو ڕۆڵەی پەیەدە لە سووریادا بینی بە تایبەتیش لە دژی داعش کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر هەڵکشانی پێگەیی کورد لە سەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا. هەڵکشانی پێگەی سیاسیی کورد لە ٢٠١٥ – ٢٠١٧ ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی لە هەر چوار بەشی کوردستان، لە شەڕی داعش هێزەکانی پێشمەرگە و پارتی کرێکاران و پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لە چەند بەرەیەکدا پێکەوە شەڕیان دەکرد، کۆبانێ و کەرکوک و شنگال نموونەی دیارن لەو بارەیەوە. تا ئەو ئاستەی هەرێمی کوردستان ڕێگای بە پەکەکە دا کە هێز و چەک لە قەندیلەوە بگوازنەوە بۆ سووریا و شەنگال (Park, p.47). لە دیدی ئەردۆگان ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەرگای مەترسیی زیاتری بۆ تورکیا دەکردەوە تاوەکو ئارامی و ئاسایش. ئەردۆگان بە پێچەوانەی بارزانی (مەسعود بارزانی) تێکدانی سنوورەکانی سایکس_پیکۆی وەک دەرفەت نەدەدی بەڵکو وەک مەترسی دەیدی.

٢. پرسی ناوەخۆی تورکیا، ئەو پرەنسیپەی کە ئەتاتورک هەمیشە جەختی لەسەر دەکردەوە و دەیوت "ئاشتی لە ناوەخۆ، ئاشتی لە جیهاندا"، تا ئێستاش ڕوانینێکی هەڵە نییە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم، هەروەها تورکیا و عێراقیش. لەم ڕوانگەیەوە پرسی کورد فاکتەرێکی سەرەکیی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانە، بەتایبەتیش پرسی کورد لە تورکیاوە (Dalay, 2017). لە ١٦ی نیسانی ٢٠١٧ پاش ململانێیەکی زۆر

ئەردۆگـــان تـــوانی لە ڕیفراندۆمێکـــدا دەســـتوور هەمـــوار بکـــاتەوە و سیســـتەمی حـــوکم لە پەرلەمـــانییەوە بگۆڕێـــت بـــۆ کۆمـــاری، واتـــا گواستنەوەی هێز لە سەرۆکی وەزیرانەوە بۆ سەرۆکی دەوڵەت کە پێشـــووتر زیـــاتر ڕۆڵێکـــی ســـیمبوولی هەبـــوو. هەر لە دوای ئەو سەرکەوتنە ئەردۆگان تەنیا ساڵێکی لەبەردەم مابوو بۆ خۆ دووبارە کاندیکردنەوە کە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٨ بوو. بۆیە لەو کاتەدا ســـەرگرتنی ڕیفرانـــدۆمی هەرێـــم گـــورزێکی کوشـــندە دەبـــوو بـــۆ ئاردۆگـــان، چـــونکە زۆر ئەســـتەم دەبـــوو دەســـکەوتی ڕیفرانـــدۆمی گۆڕینی دەستووری تورکیا بچنێتەوە. ئەمەش لە ڕاستیدا پرسێکی تر بوو کە وایکرد ئەردۆگان زۆر بە ترسەوە سەیری ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بکات بۆ سەر ئایندەیی پێگەی سیاسیی خۆی.

٣. ئەردۆگـــان ترســـی هەبـــوو لەوەی کە ڕیفرانـــدۆم پلانێکـــی ئەمریکـــا و ڕۆژئـاوا بێت بۆ گوشـار خسـتنە سـەر تورکیا. ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان وایکرد کە دیسـان وڵاتـانی دراوسـێ بەتایبەتیش تورکیا تیۆری پیلانگێڕی conspiracy theories بێننەوە بەرباس، کە لە ڕاستیدا باکگراوندەکەی بۆ ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە کاتێک هەر یەکە لە تورکیا و ئێران پێیان وابوو کە ئەمریکا پلانێکی لەبەردەستە بۆ دروستکردنی کیانێک بۆ کورد لە باکووری عێراق، کە بۆ دواجار ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ناوچە کوردییەکانی باشووری تورکیاش بگرێتەخۆ (Uyanik, 2017). لە ٢٦ی سێپتەمبەر ئەردۆگان دیسان هەرێمی کوردستانی ئاگادار کردەوە کە ئەوان یارییێکی مەترسیدار دەکەن ئەگەر ببنە داردەستی لایەنێکی تر. لە ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ ئەردۆگان دیسان لێدوانیدا و وتی " ئێمە باش دەزانین کە ئەو یاریەی ئێستا لە باکووری سووریا دەکرێت مەبەستیانە تورکیا دابـبـڕن لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.... ئەوەی ئێسـتاش لە بـاکووری

عێراق بەڕێوەدەچێت هەر بەشێکە لەو پڕۆژەیە". (Uyanik, 2017).
پشتگیری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بۆ ڕیفراندۆم ئەوەندەی تر دەستی تورکیا و عێراق و ئێرانی والاکرد، دواتریش وەک پاساوێک بۆ دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم بەکاریان هێنا.

٤. کاریگەریی کەسایەتیی ئاردۆگان و ڕەنگدانەوەی بەسەر سیاسەت و دامەزراوە سیاسییەکانی تورکیا. سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە سەردەمی ئەردۆگان تا ئاستێکی زۆر ڕەنگدانەوەی خودی کەسایەتی سیاسیی ئەردۆگانە، کە لە سێ خەسڵەتی سەرکیدا بەسەر دامەزراوە سیاسییەکانی تورکیادا ڕەنگیداوەتەوە: ڕووبەڕووبوونەوە confrontational، نارجسیست narcissistic، کەسایەتیی خۆسەپێن domineering personality ، هەروەها ئەو ئایدۆلۆجییە سیاسییە نەتەوەیی و شەڕانییەی- nationalistic and aggressive political ideology کە زاڵە بەسەر کەسایەتیی سیاسیی ئەردۆگان (Park, 2019, p.53) . ئەم خەسڵەتە کەسیانەی ئەردۆگان گشتیان کاریگەرییان هەبوو بەسەر ئەو هەڵوێست و کاردانەوەیەی تورکیا بەرانبەر ڕیفراندۆم. دەتوانین بڵێین کە دروستکردنی سیاسەتی تورکیا لە دوای دەسەڵات گرتنەدەستی ئەردۆگان، بە تایبەت لەو چەند ساڵەی دواییدا کەمتر کاریگەریی دامەزراوەیی بەسەرەوە هەبووە، یاخود هەر نادامەزراوەیی de-institutionalised بووە، تەنیا بازنەیەکی نزیک نەبێت لە خۆی، دامەزراوەکانی تر کاریگەرییان زۆر کەم یان هەر نەبووە لەسە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا بە تایبەتیش سیاسەتی دەرەوەی تورکیا. ئەمە دەکرێت بۆ ڕیفراندۆمیش ڕاست بێت. ئاردۆگان لە

کاردانەوە بەرانبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕێگەی نەدا جگە لە خۆی هیچ دامەزراوەیەکی تری دەوڵەت ڕای هەبێت لەسەر ئەو پرسە بە دامەزراوەی هەواڵگریی نیشتمانی تورکیاش (MIT) ەوە.

٥. خاڵێکی تریش هەیە کە لە ڕاستیدا ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت، لە ڕوانگەی ئەردۆگانەوە هەرێم شکستیهێناوە یان نەیویستووە بە کردار ڕووبەڕووی پەکەکە و پەیەدە ببێتەوە لە شنگال. بارزانی لە بری ئەوەی شەڕی هێزەکانی پەکەکە و پەیەدە بکات، سەردانی کردن و سوپاسی کردن کە هاوکاریی پێشمەرگەیان کردووە لە شەڕی دژی داعشدا (Park, 2019, p.53) بۆیە تورکیا ناچار بوو کە بۆخۆی لە مانگی نیسانی ٢٠١٧ بارەگاکانی پەیەدە و هێزەکانی پاراستنی شنگال بۆردومان بکات. وەک بیل پارک دەڵێت لە ڕاستیدا "نە بارزانی ئەو هاوکارە ستراتیجییە بوو کە تورکیا چاوەڕێی دەکرد، نە تورکیاش ئەو دۆستە بوو کە هەرێم چاوەڕێی دەکرد".

## ئاستی دووەم/ جۆرێک لە هەڵە تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم

هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەر ئەو پەیوەندییە ئابوورییانەی کە لەگەڵ تورکیا هەیبوو، بەتایبەتیش لە گواستنەوی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا و بەندەرەکانی جیهان. هەرێم پێیوابوو ئەنقەرە بە ناچاری چاوپۆشی لە ڕیفراندۆم دەکات لە پێناو دەستبەرداربوونی تورکیا لە نەوتی ئێران و گازی ڕووسیا، چونکە ئەو دوو وڵاتە بەهۆی زۆریی قەبارەی بازرگانیی وزەیان لەگەڵ تورکیا هەندێک جار گوشار لەسەر تورکیا دروست دەکەن (Yilmaz, 2017)، ئەمە جگە لەوەی کە پەیوەندیی نێوان ئەنقەرە و مۆسکۆ، هەروەها ئەنقەرە و تارانیش هەمیشە لە هەڵبەز و دابەزدایە و گرەنتی نییە

(Seloom, 2016). بەڵام لە ڕاستیدا ئەم گریمانەیە وا دەرنەچوو. ڕاستە بـــواری بازرگـــانی و وزە ڕۆڵێکـــی کـــاریگەری بینیـــووە لە مەلەفـــی پەیوەنـدییەکانی تورکیـا و هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام بنـاغەی (اسـاس) پەیوەنـدییەکانی نێـوان هەردوولا لەسـەر بنەمـای ئـابووری نیـیە، بەڵکـو لەسەر بنەمای ئاسایشە، بە تایبەتیش پرسی کورد لە عێراق و تورکیا. بۆ ئەم مەبەسـتەش پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان سـەنتەری مەبەسـتی ئەو پەیوەندییانەیە. بە جۆرێک کە تورکیا ئامادەبوو ڕێککەوتنی پەنجا ساڵی لەگەڵ هەرێم بخاتە ژێر مەترسییەوە لە پێناو سەرنەگرتنی ڕیفراندۆم[١١].

بەشـێک لە ڕۆژنـامەوان و سیاسـییەکان جیاکـاری دەکەن لە نێـوان هەڵوێسـتی ئێـران کە هەڵسـا بە داخسـتنی تەواوی سـنوورەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هەڵوێستی تورکیا کە سنوورەکانی دانەخست. لە ڕاستیدا من وایدەبینم کە ئەم هەڵوێستەی تورکیا لە ترسی لەدەستدانی قەبارەی بازرگـانی و پەیوەنـدی وزەوە نەبـووە، بەڵکو ئەمەشـیان هەر لە ترسـی حسـاباتی سیاسـی و ئەمنـی بـوو کە پەیوەنـدی هەبـوو بە پرسـی کـورد و پـارتی کرێکـارانەوە. تورکیـا دەیزانـی ئەگەر بەشـێک بێـت لە گەمـارۆدان و گۆشـەگیرکردنی هەرێمـی کوردسـتان و هێشـتنەوەی بە لاوازی بۆ میلیشا عێراقییەکان و ئیران، ئەمە دەچێتە خزمەتی نەیارەکانی تورکیاوە. چونکە شکستی پرۆسەی ڕیفراندوم و گەمارۆدانی هەرێم، واتە شکستی بارزانی و لاوازبوونی لە گۆڕەپانی سیاسیدا لە بەرانبەر پارتە کوردییەکانی تر کە گشتییان (بە بەراورد بە پارتی) پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئێـــران و پەکەکەکـــدا هەیە، یـــاخود بە واتـــاییەکی تـــر واتە تەسـلیمکردنەوەی هەرێــم بە ئێــران. دواتــر یەکێــک لە خــاڵە هەرە ستراتیجییەکانی پەیوەندیی هەرێم و تورکیا بریتیبووە لە لاوازکردنی هەژموونی پەکەکە و بەهێزکردنی پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە مەبەسـتی ئەوەی وەک ئەلتەرناتیڤێک بێت بۆ کـوردانی تورکیـا لە بـری

پەکەکە، بە تایبەت پاش دوورکەوتنەوەی هەر یەکە لە مام جەلال و ئۆجەلان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردیدا. بۆیە شکستی بارزانی واتە بەهێزبوونی پێگەی حزبەکانی تر کە هیچ کامیان دۆستی تورکیا نین. ئەمە مەترسییە سەرکییەکەی تورکیا بوو کە وایکرد هەموو دەرگاکانی بەسەر هەرێمدا دانەخات، هەرچی پرسی بازرگانی و وزەیە ئەوە بە پلەی دووەم دێت لە مەلەفی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان.

**دەرەنجام/ پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر، ئاسایش ئینجا ئابووری**

سەرەڕای گەشەکردنی پەیوەندیی ئابووری و کرانەوەی دیپلۆماسی لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم تا ئاستێکی زۆر ڕەهەندە ئەمنییەکان ئاراستەیان دەکات نەک فاکتەری ئابووری و وزە. بە واتایەکی تر فاکتەری سەرەکیی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێم ئەو وابەستە ئاسایشییە هەرێمییە ئاڵۆزەیە - Regional Security Complex کە وا داکات تورکیا لە هەمان کاتدا وابەستەی پەیوەندیی ئەمنی بێت لەگەڵ عێراق لە لایەک. لە لایەکی تریش، بەهۆی بوونی فاکتەری کورد لەگەڵ هەرێمدا. لەم نێوەندەدا فاکتەری پارتی کرێکاران ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت لە داینامیکیەتی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا .

لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بوترێت کە ئەنقەرە، هەرێمی کوردستان وەک فاکتەرێکی کاریگەر لەسەر پرسی کورد لە ناوەخۆی تورکیا دەبینێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەک فەکتەرێکی مەترسی لەسەر تورکیا ئەگەر: ١) ببێتە هۆی لێکنزیکبوونەوەی هەرێم لە پارتی کرێکاران، ٢) یاخود ڕاگەیەندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستاندا، ٣) یانیش هەرێم بیەوێت کێشەی کورد لە دژی تورکیا بجولێنێت.

تورکیا مەبەستیەتی وا پیشانی کورد و جیهانیش بدات کە ئەوان دژی کێشـەی کورد نین، دژی گەلی کورد نین، بەڵکو دژی پارتی کرێکارانن. ئەمەشمان بە ئاشکرا بینی لە کاتی پرۆسـەی کرانەوەی دیموکراسی کە چەنـدین جـار تورکیـا سـەرۆکی هەرێـم و سـەرۆکی حکومەتی هەرێمـی بانگێشت کرد بۆ تورکیا، بە تایبەتیش لە کاتی کەمپینی هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوەی هەرێـم وەک جێگرەوەیەک بۆ پەکەکە نیشـان بـدات، یانیش کاتێک تورکیا دەیەوێت پەیامێکی نەرم بۆ کوردەکانی خۆی بنێرێت. دوور نییە تورکیـاش مەترسـی ئەوەی هەبێـت کە هەرێمـی کوردسـتانیش دەیەوێـت پرسـی پەکەکە وەک کارتێـک لە بەرانـبەر دانپێـدانانی تورکیـا بە کیـانێکی سـەربەخۆ لە بـاکووری عێراقـدا بەکاربێنێـت، بەڵام لە ڕاسـتیدا هەرێمـی کوردستان تا ئێستا ئەو هەنگاوەی نەناوە. هەڵبەتە ئەمە ئەگەرێکی دوور نیـیە لە دۆخێکـدا ئەگەر تورکیـا گوشـاری زۆر بخـاتە سـەر هەرێمـی کوردستانەوە.

بـۆیە ئەگەر لە ڕابـردوودا کێشـەی پەیوەنـدییەکانی تورکیـا و هەرێـم زیـاتر پەیوەسـت بـووبێتن بە پرسـی کەرکـوک و پرسـی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام لە دوای ٢٠٠٨ دۆسـتایەتی تورکیـا و هەرێـم زیاتر تایبەت بووە بە دەورەدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، چ لەسەر ئاستی ناوەخۆی تورکیا یا لەسەر ئاستی ناوچەکە.

## پەراوێزەکان:

١- بۆ نموونە سەیری ئەم توێژینەوانە بکە:

“The Prospects and Importance of Joining of Iraq to the Southern Gas Corridor”, 25 February 2014, <http://beu.edu.az/downloads/articles/iraq_in_SC_Blog.pdf> (Accessed 20 April 2016); Tagliapietra, “The EUTurkey Energy Relations after the 2014 Ukraine Crisis. Enhancing the Partnership in a Rapidly Changing Environment”, 9 September 2014, <https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2493665> (Accessed 11 April 2016); and Morelli and Pischedda, “The Turkey-KRG Energy Partnership”.

٢- بۆ نموونە وەک ئەم توێژینەوەیە:

Yilmaz, R., 2017. Turkey-KRG energy relations: internal and external dynamics. *Journal of Global Analysis*, *7*(2), pp.129-154.

٣- بەکارهێنانی دەستەواژەی"هەرێم" لەهەر شوێنێکدا لەم توێژینەوەیە مەبەستم لێی "هەرێمی کوردستان- عیراق"ە.

٤- داود ئۆغلۆ لە کتێبە دیارەکەیدا قوڵایی ستراتیجی دەڵێت " تورکیا ئاسایشی باشتری دەستدەکەوێت لە ڕێگەی دەستتێوەردان لە دەرەوەی سنوورەکاندا تاوەکو دەستێوەرنەدان و خۆبێلایەنکردن لە کێشەکاندا. تورکیا ناتوانێت خۆی بناسێنێت لە ڕێگای ڕەفتاری بەرگریکارانە – “ Turkey cannot define itself in a defensive manner. بۆ زیاتر لەوبارەیەوە بگەڕێوە بۆ:

Kardaş, Ş., 2012. From zero problems to leading the change: making sense of transformation in Turkey’s regional policy. *TEPAV-ILPI Turkey Policy Brief Series*, *5*(1).

[5]- هەرچەنـدە پێشـكەوتنی زۆر ڕوویـداوە لە پەیوەنـدییەكانی توركیـا و هەرێمـی كوردسـتان بەڵام تـا پـێش ڕیفرانـدۆمیش دیـدێكی ڕوون نەبـوو كە هەڵوێستی توركیا چی دەبێت ئەگەر هەرێمی كوردستان جیابوونەوەی خۆی لە عیـراق ڕابگەیەنێـت؟ لە ٢٧ی حـوزەیرانی ٢٠١٤ ئەو پرسـیارەیان لە حوسـێن چەلیك وتەبێژی ئاكپارتی كرد لە فاینەنشـال تـایمز. وەڵامـی ئەو ئەوەبوو كە لە ڕابـردوودا دەوڵەتـی سـەربەخۆی كوردی هۆكارێـك بـووە بۆ شـەڕ لە ڕوانـگەی توركیـــاوە، بەڵام لە ئێســـتادا كەس ئەو حەقەی نیـــیە وابڵێـــت، هەرچەنـــدە دابەشـبوونی عیـراق بـژاردەی یەكەم نیـیە، بەڵام ئەگەر ڕوویـدا توركیـا لەگەڵـی هەڵدەكات "Turkey will live with it" چونكە ئەگەر دەوڵەتێكی كوردیش دروست بێت لە باكووری عیراق ئەوا لەژێر كەریگەریی توركیادا دەبێت.

[6]- لە دوایـی ٢٠٠٣ سـەرۆكی هەرێمـی كوردسـتان (مەسـعود بـارزانی) ویستی خۆی بەدووربگرێت لە گوشـارەكانی توركیا لە دژی پەكەكە، چونكە لە ڕاسـتیدا بـارزانی لە دوای ٢٠٠٣ دەیویسـت وەك ڕێبەرێكـی كـورد لە بەشـەكانی تـریش سـەیربكرێت، گوتـارە نەتەوەییەكـانی بـارزانی لە ٢٠٠٣ تـا-٢٠٠٧ بەڵـگەی ئەو ڕاسـتییەن كە تـا ئاسـتی هەڕەشـەكردنی توركیـا بە لەشكركێشـی بـۆ سـەر هەرێمـی كوردسـتان هـات، ئەم گرژییـانە بەردەوام بـوون تـا كـرانەوی توركیـا بەسـەر هەرێـم لە ٢٠٠٨ كە قۆنـاغێكی تـازەی لە پەیوەنـدییەكانی ئەو دوو لایەنە هێنایەكایەوە.

[7]- لەبەر بـایكۆتكردنی سوننەكان لە هەڵبژاردنەكانی ٢٠٠٥ بۆیە تەنیـا ٦٪ دەنگەكانیـــان بەدەســـت هێنـــا، كەچـــی لەبەرئەوەی كـــورد بە گـــوڕوتینەوە بەشدارییانكرد لە هەڵبژاردنەكان، توانیان ٢٧ كورسی لە پەرلەمـان بەدەسـتبهێنن. دەرەنجـامی هەڵبژاردنەكـانی ٢٠٠٥ كـاریگەریی زۆری هەبـوو لەسـەر گـۆڕینی سـتراتیجیەتی توركیـا بەرانـبەر هەرێـم بە عیراقیشـەوە. هەڵبژاردنەكـانی ٢٠٠٥ توانیـان ئەو پەیـامە بـدەن بە توركیـا كە كـورد لە عیراقـی نوێـدا پێگەیەكـی بەهێزیان دەبێت. بۆ زیاتر لەو بارەیەوە سەیری ئەم سەرچاوەیە بكە:

Oktav, Ö. Z. ed., (2013). Turkey in the 21st century: quest for a new foreign policy. Ashgate Publishing, Ltd. P.65.

[٨]- بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی تورکیا لەگەڵ کێشـەی کورد و گۆڕانکارییە سیاسییەکان بەسەر پرسی کورد لە تورکیا سەیری:

Gunes, C. and Zeydanlioglu, W. eds., 2013. The Kurdish Question in Turkey: New perspectives on violence, representation and reconciliation. Routledge. بکە

[٩]- بەشێک لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی لە سەرەتای هەڵمەتی ڕیفراندۆم پێیانوابوو کە ڕیفرندۆم لە بنەڕەتدا پڕۆژەیەکی تورکییە و بارزانی جێبەجێیدەکات، بەڵام دواتر کە کاردانەوەی تورکیا و ئەردۆگانیان بینی، دەرفەتێک نەما بۆ دروستی ئەو بۆچوونە. بۆ زانیاری چەندان گوتاری لەو بارەوە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە بڵاوبوونەتەوە کە بەداخەوە لەبەر زەحمەتی گەڕان لە گووگل بە زمانی کوردی نەمتوانی لێرە لینکەکەی دابنێم.

[١٠]- هەر یەکە لە بەغدا و ئەنقەرە تا ئێستا چەندین جار هەوڵیانداوە ڕێڕەوێکی تری بازرگانی بکەنەوە لە نێوانیان کە لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمدا نەبێت، بۆ ئەم مەبەستاش پێشنیاری ڕێڕەوەی ئۆڤاکۆی- Ovaköy کراوە وەک جێگرەوەیەک بۆ دەروازەی سنوری فیشخابوور. لە ٢٠١٩ ش کە عادل عەبدولمەهدی سەردانی تورکیای کرد دیسان پرسی ئەو دەروازە بازرگانییە هاتەوە بەرباس، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە هیچ هەنگاوێکی کرداری بۆ بنرێت. بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری:

Al-Bayan Center for Studies and Planing (07/25/2018). The importance of opening Turkey’s Ovaköy border crossing with Iraq. Retrived from: http://www.bayancenter.org/en/2018/07/1562/>>.

١١- ئەنقەرە سەرەڕای ئەو ڕێککەوتنە ٥٠ ساڵییەی کە لەگەڵ هەرێم واژووی کردبوو، بەڵام لە دوای ڕیفراندۆم بەڵێنیدا کە مامەڵە تەنیا لەگەڵ بەغدا

بکات لە بواری گواستنەوەی نەوت، بەڵام دواتر نەتوانرا ئەو بەڵێنە ببرێتە سەر، بە تایبەتیش لەبەر کێشەی تەکنیکی. لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولوود چاوشۆغلۆ وتی ئێمە لە دوو حەڵەتدا هاوکاریی سەربازی عیراق دەکەین. لە حاڵەتێک ئەگەر بەغدا داوای هاوکاری لە تورکیا بکات، حەڵەتەکەی تریش ئەگەر مەترسی لەسەر تورکمانەکان هەبوو. بۆ زیاتر لەوبارەیەوە سەیری: Tastekin, F., 2017 بکە.

## سەرچاوەکان:

### ١/ کتێب


- Buzan, B., and Waever, O., 2003. *Regions and Powers: The Structure of International Security*. Cambridge: Cambridge University Press.

- Gunes, C. and Zeydanlioglu, W. eds., 2013. The Kurdish Question in Turkey: New perspectives on violence, representation and reconciliation. Routledge.

- Davutoğlu, A., 2010. *Al-'umq al-stratiji: mawq' Turkya wa dawriha fi al-saha aldawlyya*, *Tarjamat Jabir Thalji wa Tariq Abdualjalil, Dar Al-jazeera* (Strategic Depth: Turkey's Location and its Role in the International Arena) Aljazeera Center for Studies- Doha, Qatar.

- Lundgren, A., 2007. The unwelcome neighbour: Turkey's Kurdish policy. IB Tauris.

- Oktav, Ö.Z. ed., 2013. Turkey in the 21st century: quest for a new foreign policy. Ashgate Publishing, Ltd..

- Özcan, A.K., 2012. Turkey's Kurds: a theoretical analysis of the PKK and Abdullah Ocalan. Routledge.


### ٢/ جۆرناڵی زانستی:


- Gareth H. Jenkins, 2009. Turkey's "Kurdish Opening" Faces New Challenges, (vol. 2, no. 19 of the Turkey Analyst).

– Kardaş, Ş., 2012. From zero problems to leading the change: making sense of transformation in Turkey’s regional policy. *TEPAV-ILPI Turkey Policy Brief Series*, *5*(1).

– Müftüler-Baç, M., 2014. Changing Turkish foreign policy towards Iraq: new tools of engagement. *Cambridge Review of International Affairs*, *27*(3).

– Palani, K., Khidir, J., Dechesne, M., & Bakker, E., (2019): The development of Kurdistan’s de facto statehood: Kurdistan’s September 2017 referendum for independence, Third World Quarterly. Available on <https://doi.org/10.1080/01436597.2019.1619452>. [Accessed 12/5/2019].

– Park, B., (2019) Explaining Turkey’s Reaction to the September 2017 Independence Referendum in the KRG: Final Divorce or Relationship Reset?, Ethnopolitics. Available on <https://doi.org/10.1080/17449057.2018.1525165>.

– Yilmaz, R., 2017. Turkey-KRG energy relations: internal and external dynamics. *Journal of Global Analysis*, *7*(2).

## ٣/ ناوەندەکانی توێژینەوە و ثینکتانکەکان:

– Al-Bayan Center for Studies and Planning (07/25/2018). The importance of opening Turkey’s Ovaköy border crossing with Iraq. Retrieved from: http://www.bayancenter.org/en/2018/07/1562/. [Accessed 11/7/2019].

- Bakir, A., [Arabic] 2015. *I'raq fi hisabat Turkya al-istratijyya wa al-tawajuhat almustaqbalyya*, (Iraq in Turkey's Strategic Calculations and Futuristic Orientations), Aljazeera Center for Studies. Available at: http://studies.aljazeera.net/reports/2015/01/201511895950841529.htm [Accessed 1/ 7/ 2019].

- Balcı, A., 2014. ‘Energized’ Neighborliness Relations between Turkey and the Kurdistan Regional Government, *SETA İstanbul.* Available at: <http://file.setav.org/Files/Pdf/20140930125632_%E2%80%98energized%E2%80%99-neighborliness-relations-between-turkey-and-the-kurdish-regional-government-pdf.pdf> [Accessed 20/7/2018].

- Barkey, H.J., 2010. Turkey’s new engagement in Iraq. *USIP Special Report*, *237*. Retrieved from <<https://carnegieendowment.org/files/USIP_SR_Turkey_Iraq.pdf>>. [Accessed 15/7/2019].

- Cagaptay and Akin Unver, 2007. Iraqi Kurds and the Turkish-Iraqi Memorandum against the PKK. Available on: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/iraqi-kurds-and-the-turkish-iraqi-memorandum-against-the-pkk. Accede in 28/6/2019.

- Dalay, G., 2017. Evolution of Turkey-Iraqi Kurdistan’s Relations.Aljazeere Center for Studies. Retrived from <<http://studies.aljazeera.net/mritems/Documents/2017/12/20/56ba1501975e471a8ee27c18e5938e18_100.pdf>>. [Accessed 15/7/2019].

- Kirişci, K., (August 15, 2013) The Rise and Fall of Turkey as a Model for the Arab World. Brookings, retrived from: <<https://www.brookings.edu/opinions/the-rise-and-fall-of-turkey-as-a-model-for-the-arab-world/>> [accessed 10/7/2019].

- Mursi, Z., 2010. al 'alaqat al Turkyya al Iraqyya: Dirasa li halat al Akrad (Turkey and Iraq Relations: a case study of Kurds) available at <http://democraticac.de/?p=18020> [Accessed 02/02/2019].

- *Salih, C., and Fantappie. M., (2019) Kurdish Nationalism at an Impasse. The Century Foundation. Retrieved from <<https://tcf.org/content/report/iraqi-kurdistan-losing-place-center-kurdayeti/>>. [Accessed 5/5/2019].*

- Werz, M., and Hoffman, M., (2014) The United States, Turkey, and the Kurdish Regions: The Peace Process in Context. Center for American Progress. Retrieved from: <<https://cdn.americanprogress.org/wp-content/uploads/2014/07/Kurds-report.pdf>> [Accessed 5/6/2019].

- Khalilzad, Z., 2016. Are Turkey and Iraq Headed for War in Mosul? *The National Interest*. Retrived from: <<https://nationalinterest.org/feature/are-turkey-iraq-headed-war-mosul-18130 >>. [Accessed 2/7/2019].

- Seloom, M., 2016. Turkish and Iranian Interests Cross Paths in Mosul. *ALSHARQ FORUM*. Retrived from <<https://research.sharqforum.org/2016/11/23/turkish-and-

iranian-interests-cross-paths-in-mosul/>>. [Accessed 16/4/2020].

- ٤/ ڕۆژنامە جیهانییەکان:

- Zaman, A., (September 11, 2017). Turkish spy chief headed for Erbil, whisper KRG officials. Al-Monitor. Retrived from: <<https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2017/09/hakan-fidan-to-visit-erbil-turkish-spies.html#ixzz5stbCBa3s>>. [20/5/2019].

- Daily Sabah, (17 October 2016). Turkey will take part in Mosul operations and we will be at the table, Erdoğan says. Available at: <http://www.dailysabah.com/war-on-terror/2016/10/17/turkey-will-take-part-in-mosul-operations-and-we-will-be-at-the-table-erdogan-says>. [Accessed 20/10/2017].

- Daily Sabah, (21 May 2016). PKK terror organization does not represent Kurds, Erdoğan says. Available at: <http://www.dailysabah.com/politics/2016/05/21/pkk-terror-organization-does-not-represent-kurds-erdogan-says>. [Accessed 20/10/2018].

- Dogan, Y., (12 April 2015). An interview with Sami Kohen: Ankara’s competition with Tehran resurfaces over Yemen issue, *Todays Zaman*. Available at: <http://www.todayszaman.com/monday-talk_kohen-ankaras-competition-with-tehran-resurfaces-over-yemen-issue_377792.html> [Accessed 11/8/2015].

- Gulf News, (1 June 2014). Turkey ‘driven by greed’ in Kurd oil row: Iraq deputy PM. Available at http://gulfnews.com/business/sectors/energy/turkey-driven-bygreed-in-kurd-oil-row-iraq-deputy-pm-1.1341882 [Accessed: 19/1/2018].

- Hossino, O., 2019. A New Strategy to Counter Iran’s Growing Power, available: <<https://www.tabletmag.com/jewish-news-and-politics/284611/new-strategy-to-counter-iran>>. Accessed 7/7/2019.

- Hurriyet Daily News, (August 03 2012) Iraq summons Turkey envoy to protest over visit. Retrived from: <<http://www.hurriyetdailynews.com/iraq-summons-turkey-envoy-to-protest-over-visit-27051>>. Accessed 8/7/2019.

- Idiz, S., (2013). Turkey-Iran Ties Strained by Iraq, Syria, *Al-Monitor*. Available at: <http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/02/turkey-iran-tensions-rise-syria.html#ixzz3ag2SebT9> [accessed 2/8/2018].

- Uyanik, M., ( 2017) Turkey and the KRG After the Referendum: Blocking the Path to Independence. Available on https://www.csis.org/analysis/turkey-and-krg-after-referendum-blocking-path-independence .

- Niqash, 23.04.2015. Matter of National Security? The Turkish-Kurdish 'Secret Agreement'. Available at: http://www.niqash.org/en/articles/politics/3641/ [Accessed: 19/1/2017].

- Recknagel, C., 2007. Iraq: Kurds Hold The Key To Turkey's Dilemma. Available <<https://www.rferl.org/a/1079021.html>>. [Accessed 15/4/2020].

- REUTERS, (October 19, 2017), retrieved from: https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-iraq-turkey/turkeys-erdogan-says-may-shut-iraqi-border-any-moment-hurriyet-idUSKBN1CO0P3. Accessed 10/7/2019].

- Rudaw 4/4/2017. Erdogan: Take down the Kurdish flag in Kirkuk or pay a price. Available <<https://www.rudaw.net/english/kurdistan/040420173>>.[Accessed 12/6/2019].

- Taştekin, F., 27 (February 2014). Turkmen caught between Turkey and Iraqi Kurdistan, *al-Monitor*. Available at: <http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2014/02/turkmen-iraq-kurdistan-turkey-reconciliation-krg.html> [Accessed 10/7/2018].

**ملخص:**

شهدت علاقة تركيا مع حكومة إقليم كردستان **تحسنا ملحوظا** منذ عام ٢٠٠٨ وذلك بعد تظافر عدة عوامل في إنشاء تلك العلاقة أبرزها العامل الاقتصادي. ينظر الكثير من الباحثين الى جانبي الاقتصاد والطاقة في تحديد شكل هذه العلاقة إلا أن القليل منهم قد تطرقوا الى العامل الأمني الذي أضفى على تلك العلاقة بعدا آخر لم يكن أقل **شئناً** من العاملين الاخرين في تمتين العلاقة بين حكومة اقليم كردستان وتركيا. يقوم هذا البحث في ايجاد بعض الأجوبة لأسئلة رئيسية أهمها، مالذي يدفع بتركيا الى أن يبحث في توطيد علاقتها بحكومة اقليم كردستان؟ كيف ترى تركيا شكل هذه العلاقة أمنياً واقتصاديا؟ لماذ تتدخل تركيا عسكرياً في كردستان العراق؟ كيف يعكس ذلك التدخل على عاملي الأمني والاقتصادي؟ هذه الأسئلة مؤطرة بإطار نظرية مجمع الأمن الإقليمي- Regional Security Complex، التي صاغها بوزان وويفر (٢٠٠٣). سوف أزعم في هذه الدراسة بأنه على الرغم من أهمية الجانب الاقتصادي و مجال الطاقة، فان العامل الأمني المتمثل في المسألة الكردية من ضمنها وجود حزب العمال الكردستاني، قد فرض هيمنته محليا واقليميا في ترسيم حدود العلاقة بين تركيا وحكومة اقليم كردستان بل وكان العامل الأمني دافعا رئيسيا في إنشاء تلك العلاقة.

**Turkey and Kurdistan region: economy or security, which one Turkey seeks?**


## Abstract

Turkey’s relationship with the KRG has improved tremendously, especially from 2008 onwards. There are many factors which have contributed to this dramatic change, in particular the economic factor; however, very few scholars look at the KRG-Turkey relations beyond the economic and energy drive, especially the role of security has not been less important. The central question that will be addressed in this paper is, how and why did Turkey become engaged in the KRG in post-2003 Iraq? Which factor has more driven Turkey in their relations with the KRG? To do so, I have mainly relied on the Regional Security Complex theory, which has been formulated by Buzan and Wæver (2003). I will argue that, despite the economic and energy calculations, the Kurdish factor, in particular the PKK factor as a security matter, whether locally or regionally, has been the main reason behind Turkey-KRG relations in both post-2003 Iraq and the KRG.